**شارا سیناریۆی فیلم**

# کچانی بەفر

## لادۆن سیلا

## نوسینی:

## سەلاح جەلال

Kas


1983

سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان
لقی سلێمانی

ناوی کتێب : کچانی بەفر (لادۆن سیلا)
بابەت: شارا سیناریۆی فیلم
نوسینی: **سەلاح** جەلال عەبدوڵا
دیزاینی بەرگ: دیاربەکر
چاپی یەکەم: 2021
چاپخانە : **چاپخانەی جارانی سلێمانی**
**تیراژ:500 کتێب**
ساڵ و شوێنی چاپ: 2021 سلێمانی
لەبەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی
ژمارە(2063)سالی 2021 دراوەتی

# پێشکەشە بەهونەرمەندی جوان و جوانە مەرگ

# (ئاسۆ عومەر سوارە ) هەمیشە زیندوو.



هیچ کەس و لایەنێك بۆی نییە بەبێ پـرس و ڕەزامەنـدی نوسەر هەستێت بە دەرهێنان و کارکردن لەم دەقانـەدا و گرتنـەوەو کـۆپی و هەرشـێوازێکی تـر لەکتێبـەدا بکات.

# هەورە فیلم

# کچانی بەفر (لادون سیلا)

## بەشی یەکەم

# کچانی بەفر (لادون سیلا)

## بەشی یەکەم

### (دیمەنی یەکەم)

دەنگێك دێت لە مورووی ئاوداری بوونەوە، زەنگۆڵەی هەتاییە، یان بانگەشەی یاخی بوونی فیرعەونییە. کەوتنە خوارەوەی گەردونە یان تەقینەوەی فۆتۆناتەو هەرەسهێنانی بوونە. زمان لە هەرەسهێنان و کەوتنەخوارەوەدا دەتوایەوە، بوون بە شەپۆل و تەوژمە سروشتی و ئەفسانەییەکانەوە رەنگی بێ رەنگی هەڵگرتبوو، رۆحەکان لە زەمەنی تێکەڵاودا ئاوێتەی بون و نەبوون دەبوونەوە:

کچی سێی پاکیزەیی: ئای چی سەرسامییەکە؟!! من بۆ مەرگ هەڵبژێردراوم؟!

(لەخۆی دەڕوانێت، توێژاڵکی مەرگ دەگرێت)

راهیبی سەرپەشتکار: تۆ دەبیتە قوربانی خواوەندە ئینتی، لەگەڵ ئەودا نەمر دەبێت.

رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: هەموو شتێك بەدەم تۆفانی گەردوونەوە کۆتایی هاتووە.

کوڕی دووی قوربانی: چی کارەساتێکە؟!! مـن و مـەرگ؟!(لـەخۆی دەڕوانیت) من نامـەوێت بمرم. دەمـەوێت ببمـە پاڵـەوانی رۆژگـار و جێگەی باوکم بگرمـەوە.

راهیبی سەرپەرشتکار: نـەریتی هـۆزی ئینکـا پـەیڕەو دەکـەیت، لەگەل خواوەندە ئینتیدا دەمێنێتەوە بەنەمری.

رۆحی کوڕی دووی قوربانی: بوون سڕاوەتەوەو لە نەبوندا نیشـتەجێ کراوین.

کچی یەکی پاکیزەیی: زۆر لەمەرگ دەترسم زۆر، نامەوێت بمرم.

راهیبی سەرپەرشتکار: لەبـەر ئـەوە نـەریتی کەشـی کاباکوشـای هوزی ئینکایە خواوەندە ئینتی تۆی هەڵبـژاردووە هـەتا بەنـەمری لەگەڵیا بمێنیتەوە.

رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: زەمەن لەمەرگی منا وەستاوە.

راهیب سێ شـەربەتی گـەلای کۆکـەیان دەداتـی و دواتـر گەلاکـە دەکات بەدەمیانەوە:

بەزمانتان بیجون رۆحتان لەگەڵ رۆحـی خواوەنـدە ئینتیـدا یـەك دەگرێتەوە.

## (دیمەنی دووەم)

گەردوون کەوتبووە سەر پشو، بومەلەرزەیەکی خواوەندی بون رادەژەنێت، مۆسیقایەکی ناوەختە فەزا دەگرێتەوە، تۆفان و وەیشمەی سروشتی بەهێزێکی نادیارەوە هەڵدەکات و تێکەڵ بەتەقینەوەی گڕی بورکانەکە دەبێت، زمان لە گەردەلولێکدا دەسڕێتەوە،

سەهۆڵ بەندان فەزای پۆشی بوو، بیرو هۆش و هەست و نەست ببونە کلۆ بەفر، هەموو رەنگێك لە سپێتی بەفردا تواوبوەوە.

روانین کوژایەوە، سیلیندەرێکی ئەکلیرکی لولەیی سێ تەرمی تیادا بوو، سێ چینی پارچە شوشە جیای دەکردنەوە لە یەکتری، بەبەرگ و کاڵای رازاوەوە مۆمیا ببون وەك لەئامادەییدابن بۆ تەقینەوەی ناخی خەففەبویان، هەتا وەك بورکانێك بتەقنەوەو یەکەم گفتوگۆی بون و بونەوەر بکەن، بەو جۆرە تازەو زیندو دەردەکەوتن، بەتەوژمی تۆفانەکەو تیشکی ئەو لایتە بەهێزەی خرابویە سەریان، کەشێکی

ناشێوەیی سازابوو، زمانێکی ئەفسانەیی گەردونی داهێنابوو، زمانێك وشەی لەبیر دەبردەوە، خۆکرد زمانێکی سیمۆتیکی لەناو سیلیندەرەکەوە بەزمانی سیمۆتیکی سێ قوربانییە مۆمیاکە سەهۆڵبەندانی بڕی:

لەمەرگە مۆمیای گەردونیدا بووم

راچڵەکیم بەدەم خورپەی دنیاوە

کێ بوو کلیلی قافی کردە زووم

مۆمیابوین بەدەم نەفخی خوداوە

رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: کێیە هاتۆتە پەرێزی مەرگەوە؟

کێن ئەوانەی لەم خەوە چەند سەدەییەماندا رامانداچڵەکێنن؟

رۆحی کوڕی دووی قوربانی: چی فوویەکی نەفخییە دێتە گوێ؟.

ئای چی ساتێکی ئاوێتەیە؟

رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: گەردون بەبایەك دەبێتە شەختە؟.

چیە ئەم ئەفسانە گەردونییە؟

رۆحی هەر سێ قوربانییەکە: مۆسیقای پێنج سەد ساڵی خەواڵوییمان دەبێتە هەڵم

لەفرمێسکێکا دەتوێتەوە.

ڕۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: ئێرە کوێیە؟ ئێستا چی زەمەنێکە؟!
ڕۆحی کوڕی دووی قوربانی: نیشانەکان نەزانراون، ئێستا تامی ژەهرە شەرابەکە دەکەم.
ڕۆحی کچی سێی پاکیزەیی: زانیم ئەو ژەهرە شەرابە ژەهرەی مەرگە.
ڕۆحی کوڕی دووی قوربانی: گوتیان شەرابی نەمرییە.
ڕۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: دایکم ماچی گریانی کردم، وشەکانی خواردەوە زانیم بۆ مەرگە.
ڕۆحی کچی سێی پاکیزەیی: خواردمەوە یەکسەر سەرم گێژی خوارد، هەتا کەوتمە ئەم خەوە ئەزەلییەوە.
ڕۆحی سێ قوربانیەکە: کوا نیگاو جوانیمان؟
ڕۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: ئێوە من دەبینن؟
ڕۆحی کوری دووی قوربانی و کچی سێی پاکیزەیی: نەخێر تۆیش ئێمە نابینیت.
وێنەیەك لە فەزا .

# (دیمەنی سێیەم)

**لەفوی خواوەندیەوە ئاگرێك روخساری بونی گرتەوە، کاتێك گیانم دا بەدەم لەرزەوە لەئاسمانێکدا نیشتەجێ کرا:**
**رۆحــی کــوری دووی قوربــانی و کچــی ســێی پــاکیزەیی هــەمان دایەلۆژیان گوتەوە.**

## (دیمەنی چوارەم)

بەرو شاخێکی سەخت بەشی کوزوکو بەر لە گەیشتن بە لوتکەی زنجیرە چیای ئەندێز ئاپورەی خەڵك تێکەڵە لە پیاوو ژن و گەنج، بەرەو چیاکە سەر دەکەون، هەموو دڵخۆشن، تەنها سێ قوربانییەکە لەناخەوە کڵپەی بورکانی دەدەن، کچی سێی پاکیزەیی چیرۆکی ئەو قوربانییەی بیستبوو، داپیرەی بۆی گێڕابوەوە، بەو بیرەوە وەك بورکان لەناخەوە تەقیەوە:

ئای لەو تۆفانەی بەربۆتە گەردون
مەمەك لەدەمی ساوا پچڕاوە
بانگەشەیەك دێت هاوارە بۆ بوون
زەمەن بەناوکی کورپە وەستاوە

کچی یەکی پاکیزەیی: نەنکم دەیگوت: قوربانی بۆ خواوەند لەزۆر لەئاینەکاندا هەیە.

کوڕی دووی قوربانی: باوکم کچەکانی نیلی دەگێڕایەوە، ساڵانە جوانترین نەوبوکیان فڕێ دراوەتە ناو دەریای نیلەوە.
کچی سێی پاکیزەیی: بەڵێ هەتا سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب نامە دەنێرێت و ئەو تاوانە ئەفسانەییەیان پێ ڕادەگرێت.
رۆحی کوڕی قوربانی: ئێمە هەڵبژاردە شۆخەکانین.
رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: بزانن کەسمان زەردەخەنە دەزانین، من بیرم چۆتەوە.
رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: مەبەستت چیە؟
رۆحی کوڕی دووی قوربانی: من ئەو وشەیەم نەبیستووە.

## (دیمەنی پێنجەم)

( ژوری پەرستگایە، زۆپایەك دەگرێت، پیاوە ئاینییەکان نوێژ دەکەن، دوایی راهیبەکە پیرۆزی ئاینی ئینکا باس دەکات، هەرسێ قوربانیەکە بەبەرگی رازاوەوە دانیشتون، چەند ژنێك ئارایشتیان بۆ دەکەن، قژیان بۆ شانە دەکەن دەیانرازێننەوە، پیاوە ئاینییەکان لە نوێژەکانیان بونەوە، هاتنە لای سێ قوربانییەکە، راهیبەکە کەوتە پاڕانەوەو نزای قوربانی بۆ کردن).

(کچی یەکی پاکیزەیی گەڵایەکی کوکە دەجوێت و مەست بووە، بەموچڕکەیەکەوە زمان دەکاتەوە)

کچی یەکی پاکیزەیی: دەبینە قوربانی خواوەند، ئای لەم سزای مەرگە، دەبێت رۆحمان بۆ کوێ بفڕێت؟ لەچی کیشوەرێکا بنیشێتەوە.

کچی سێی پاکیزەیی: هەست دەکەم زمان و هۆشم لەدەست داوە.(پەرداخێك شەرابی کوکەی دەدەنی دەیخواتەوە) نا نا پێدەچێت بەرەو نەمری هەتایی بچم.

کوڕی دووی قوربانی پەرداخە شەرابەکە دەخواتەوە: ئـای لـەم بـێ هۆشییە؟! لەم زیندەخەوە؟ من قسەم بیر چۆتەوە، ناوو نیشانم نازانم. سەرمەست کراوم بەعیشقی خواوەندەوە.

هەر سێ قوربانییەکە پێکەوە:

سەرمەست کراوین؟!!

## (دیمەنی شەشەم)

بەرەو شاخێکی سەخت ئەندێز، لەو ناوچەیەی هەمیشە بومەلەرزە لێی دەدات بەفر بەگەردەلولەوە دەبارێت، ئەسپ و عەرەبانە و گالیسکە بەدوای یەکا بەسەر بەفرەوە ڕێ دەکەن، سێ قوربانی بۆ خواوەند لەگالیسکەیەکدان، بۆمەرگ دەبرێن، لەروخساری یەکتری دەڕوانن:

مەرگ مەرگ مەرگ،

لەناخەوە وەك تێزابی ئالتون دەتوێنەوە، چەند ژنێکی ئاینی لەگەڵیانن، دڵخۆشیان دەدەنەوە:

ژنە ئاینییەکان: ئێوە نامرن سێ قوربانییە جوانەکانی ئەرجەنتین، ئێوە نەمر دەکرێن، گەورەترین شەرەف لەم نیشتمانە بەئێوە دراوە. خۆزگەمان بە ئێوە. ئاینی ئینکا پیرۆز دەکەن، بەختەوەری و شکۆ بۆ خواوەند دەگێڕنەوە.

راهیب و چەند یاوەرێکی پیاوو ژنێکی ئاینی سێ پەرداخ شـەرابی کۆکەیان بۆ تێدەکەن:

(سێ قوربانییەکە لە ناخەوە دەتوانەوە، فرمێسکی خوێناویان دێتە خوارەوە.)

## (دیمەنی حەوتەم)

شاخی ئەندیز، ژووری پەرستگا، ئاهەنگی قوربانی دەستی پێکرد، سێ قوربانییەکە گەلای کوکەیان دەجوی، ژنان بەدەمیانەوە دەکردن، سات بەسات گێژ دەبوون، راهیبەکە هاتە لایان یەك یەك دەستی گرتن و نیەتی قوربانی پێ خوێندن، نزای لای خواوەند ئینتی کرد، هەتا قوربانییەکان وەربگرێت، سێ پەرداخ شەرابیان ئامادە کرد بەشی مەرگ کحولیان تێکرد، کچێکی جوان خسننییە سەر سینیەك لەزیوو ئالتون دروست کرابوو، خستییە بەر دەمیان. قەشەو پیاوە ئاینییەکان پێکی خۆیان بەدەستەوە گرت:

ئەم شەرابە لە رۆنی گەنمە شامی دروست کراوە، شەرابی نەمرییە، دەبنە قوربانی خواوەند ئینتی و هەمیشە زیندوو دەبن و قەت نامرن.

سێ پەرداخە شەرابەکە لەبەردەمی سێ قوربانییەکەدا دانران.

کچی یەکی پاکیزەیی:

پزوی ئاسمانم بە روانین کێلا

تا تەورات بەبەفر بێتە خوارەوە

موسایش ئەم شاخە بکات بەنیلا
دەزولەی مەرگی بوون بکاتەوە
کوری دووی قوربانی:
کوا مەسیح ئێستا رێی لێ هەڵە بێ و
روانین لەعومری رابردوم بکات
وەکو ساوایی بانگەشەی پێ بێ و
جیهان لەمەرگم تارو مار بکات
کچی سێی پاکیزەیی
چی بکەم لەمەرگێك شوناسی بوونە
بوینە قوربانی بوونی ئەفسانە
هەمو فرمێسکێك تەبەقە خوێنە
مێژووی گەردونی کرد بە جۆلانە
بێدەنگی

راهیبی ئاینی: ئێوە هەتا هەتایە نەمر دەبن، دەبنە قوربانی خواوەندە ئینتی، شەرەفێکە بەئێوە دراوە، سێ قوربانی ئەرجەنتین.
(کەوتە نزا کردن)
شەرابەکەتان بخۆنەوە قوربانیانی خواوەند.

قوربانییەکان دەترسان پەرداخەکان لەسەر لێویان بوو، لەرزی مەرگ گرتبونییەوە، پیاوان و خانمان هەموو کۆرسێکیان پێکهێنا:

بخۆن شەرابی جەنگی ئەهریمەن

خواوەند شەیتانی بونی سڕییەوە

حەوت تکە خوێنی حەوت ساڵە زەمەن

مێژووی ئاینی ئینکای نوسییەوە

## (دیمەنی هەشتەم)

کۆرس:

درود بۆ خواوەند، درود بۆ خوای عالـەم، خواوەنـدە ئیـنتی کـوڕی خواوەنـــدە فـــیرا کۆشـــتا خواوەنـــدی شارســـتانی، (دەســـتیان بەرزکردەوە)خواوەندەکان قوربانیەکانمان لێوەربگرن سێ هەڵبژاردەی وڵاتی ئەرجەنتینن.

پەلی کچی یەکی پاکیزەییان بەرز کردەوە:

کچێکی چوار ساڵان شۆخی ئەرجەنتین دەبێتە قوربانی بۆ خواوەندە ئینتی،

پەرداخەکەیان نابەلێوییەوە، تاڵ بوو، ترسا، پێیان هەڵقوڕاند.

دەستی کوری دووی قوربانیان بەرز کردەوە:

مێرد منداڵێکی جوان شەش ساڵان، قوربانی بۆ خواوەندە ئینتی.

گریان لەناخیدا وەك تێزاب دەتوایەوە، بەفرمێسکی چاوی دەبارییە بەر پێی، پەرداخەکەیان نا بەلێوییەوەو هەڵی قوڕاند.

دەستی کچی سێی پاکیزەییان بەرزکردەوە:

کۆرس: پاکیزەیەکی سیانزەساڵان.

کچی سێی پاکیزەیی گریانی تەقییەوە، وەك تریشقەیەك دڵی هەموویانی گرت، کچی یەکی پاکیزەیی و کوڕی دووی قوربانیش بەدەم گێژ بون و بای سەرە مەرگەوە لە گریان و سڕینەوەی هۆشیاندا کوژانەوە.

کچی سێی پاکیزەیی:

جەستەم بانگەشەی مەرگی گەردونە

بون و نەبونیش شارای نهینی

روانینم مۆمیای کۆتایی بونە

عومریش زەمەنی مەرگ نشینی

کۆرس: هەموویان پێکەوە: خوداوەندی مەزن ئەم سێ هەڵبژاردەیە قوربانین بۆ تۆ رۆحیان نەمر بکە، خوداوەندی مەزن.

سێ قوربانییەکە کەوتنە سەر شەرای مەرگ، سیمایان شێوا، رەنگیان گۆڕا، چاویان ئاوەژۆ دەبوو، کەوتبونە سەر سەرەمەرگی رۆحەوە،

کۆرس: نەمری.. نەمری بۆ سێ قوربانییەکەی ئەرجەنتین.

## (دیمەنی نۆهەم)

بەو دروشمەوە قوربانییەکان لە پەلەقاژەکەوتن و گیانیان دا، پاشان مۆمیا کران و بەرگەکانیان کردنەوەبەر، هەموو کاڵاکانیان لە ئاوریشم و ئەو قوماشە گران بەهایانە بوو، بۆ زەمەنێکی درێژ دەمانەوە. خرانە سیلیندەرێکی لولەیی ئەکلیرك، سێ چینی پارچە شوشە جیای دەکردنەوە لە یەکتری. مەترو نیوێك لە ژێر زەویەوە نزیك لە بورکانی لۆلایاکۆ وەك قوربانی بۆ خواوەندە ئینتی نێردران.

کۆرسی رۆحی سێ قوربانییەکە:

شەختەی ئەندێزە دۆزەخی خواوەند
گڕی قوربانی ئاسك بۆ هەڵۆ
پروشەی رۆحی تۆفانی رێ بەند
گەردوونی رەنگ کرد لەگڕو بۆسۆ

سیٚ رۆح تیٚکەڵاوی نیٚرڤانا بوون، جیادەبونەوەو تیٚکەڵاو دەبوونــەوە، زەمەن توابوەوە، لەنازەمەنـدا زەمــەنیٚکی خـۆکرد دروســت ببــوو، فەزایش تیٚکەڵاوی بیٚ رەنگی ببوو.

رۆحی کوڕی دووەمی قوربانی: هەلیکۆپتەر و فڕۆکــە دەخولیٚنــەوە دەنیشنەوە، وڕەی ئۆتۆمۆبیل دیٚت.

کوڕی دووەمی قوربانی: ئەم گالیسکەیە ماندوی کــردوم، (گــەڵای کوکەکە دەجویٚت).

رۆحی کچی سیٚی پاکیزەیی: من ناویٚرم سواری هەلیکۆپتەر ببم.

کچــی ســییٚەمی پــاکیزەیی: نامـــەویٚت بمرم(لـــەدڵی خۆیـــەوە) خۆشەویستەکەم پەیمانم بەتۆدا ئەی سەرکردەی بــویٚری ئەرجــەنتین، دایاگۆ ویستم تۆ ببیتە سەرداری جیهان، تازە مەرگ رێی لیٚگرتم.

رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: زمانم سڕایەوە

کچی یەکی پاکیزەیی: هەست ناکەم هەرگیز زمانم بوبیٚت؟!

فڕۆکەیەکی هەلیکۆپتەری ســەمتی نیشــتەوە، چــەند فڕۆکەیــەك بەئاسمانەوە دەنگیان تەقاندەوە، گڕکانەکە تەقییەوە، فەزا بیٚدەنگی گرت، لیژنەی پشکنینی شویٚنەوار لاڵ ببون، لە گڕی بورکانەکەوە

**دەنگێک هات، مووروی ئاوداری ئەفسانەکانی بوون کەوتنە زەنگۆڵەی کۆتایی،**
**هەموو دەنگ و رەنگ و روانینێك تێکەڵاو دەبوون، مێشك بە زەنگی نەبینەوە لەبیرکردنەوە دەپچڕان، دەپچڕان، وەك لەرزی گەردوونی بەفۆتۆناتەوە تێکەڵاو دەبون و رەنگی تەقینەوەی گەردونیان دەکێشا.**
. 2021/9/12 سلیمانی 2
**لەژمارە** 8478 **لە** 2021/10/7**ی پاشکۆی ئەدەب و هونەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بڵاوبۆتەوە**8478

# هەورە فیلم

# کچانی بەفر لادون سیما

## بەشی دووەم

# کچانی بەفر لادون سیما

## بەشی دووەم

## (دیمەنی یەکەم)

(شاخی ئەندێز، تۆفانێکی تێکەڵ بە گەردەلول و شێی بەهێزی بەفرو گڕو دوکەڵی تەقینەوەی یەك لەدوای یەکی بورکانەکە فەزای پۆشیوە. بەبایەکی ئەزەلییەوە گەردون وێنەی گۆڕستانێکی هەتایی دەدایەوە، لە لوتکەوە بۆ بنار پۆپەشمینێکی مەرگاوی پۆشی بوو، هەموو دەنگێکی خنکاندبوو، زمان لە گەرودا توابوەوە، جگە لە گڕوگاڵ و زمانی دەرون هیچ وشەیەك نەدەگوترا، خامۆشی هەموو ناوچەکەی گرتبوەوە، تەنها ئەو زمانە گەردوونیە بونی هەبوو سێ قوربانییەکە بەدایەلۆژی دەرونی زمانی گەردونیان دەنوسییەوە، ئەو وشانەی بونیان دەتواندەوەو لە لە نەبوندا سڕاوەکانیان دەنوسییەوە).

ناخی کچی یەکی پاکیزەیی: خواوەندی ئینکا حەزم بەمردن نییە ،(وێنەی کۆڵان و یاریەکانی بیر دەکەوێتەوە، بەردی هەڵماقۆکان بە دەستییەوە دەگرێت). ئاخ مردنی من دەبێت چی بۆ تۆ بکات؟!(گریانێکی وەڕسی دەکات) دایك و باوکم چۆن منیان بۆ مردن نارد؟ ئای دایکە بۆم دەگریاییت، بەڕاستت نەبوو، هەرگیز ئێوە ویستتان من بمرم.

(کچی سێی پاکیزەیی و کوڕی دووی قوربانی لیێ دەڕوانن، وەك ئەو لەو تۆڕە مەرگاویەدا شەلال دەبن، کوڕی دووی قوربانی بەعیشقەوە سەیری دەکات، چاوە گەشەکانی، کوڵمە ئاڵەکەی، قژە خورماییەکەی، ددانە وردو سپییەکانی، لوتە باریك و بچوکەکەی، ئاوازو دەنگە هێمنەکەی، دەزوولڵەی گەرمی خوێن و رۆحی ، بەو روانینەوە مۆمیای عیشقی دەبێت).

ناخی کوڕی دووی قوربانی: ئای لەم مەرگەساتە؟! پێدەچێت خواوەند بەزەیی پێماندا بێتەوەو لەم مەرگەساتە رزگارمان بکات؟.

رۆحی کوڕی دووی قوربانی: حەزم لێتە کچی شۆخی ئەرجەنتین، ئای پێدەچێت رزگارمان ببێت و ببیتە خۆشەویستم؟ ئای لە مەرگێك بە پردی عیشقا بپەڕینەوە؟ (روودەکاتە ئاسمان)خواوەندی

ئینکا تۆ چاوت لە ئێمە نییە لـە زەریـای عیشـقا نـوقم بـووین؟!
دەبێت بەزەییت پێماندا بێتەوە.
(کچی سێی پاکیزەیی و کچی یەکی پـاکیزەیی، تووشـی گومـانی سەر سوڕهێنەر بوون، کچی یەك هەناسەکانی هەڵدەمژێت، سەیری دەکات بریقەی چاوە گەشەکانی بەبرۆ پڕکەیەوە، وەك مانگ تیشك دەگرنە سەر روومەتە ئاڵ و گەشە پڕکەی و لێوو ددانی وەك خەتی مانگی یەك شەوە نیشانەیەکیان بەسەر زەمەنی گەردونەوە دروست دەکرد، بەو تەزووە عیشقاویەوە گرێی نهێنی نهێنییەکانی کردەوە):
ناخی کچی یەکی پـاکیزەیی: ئـەم قوربـانی دانـەمان گـۆڕاوە بـۆ شـەپۆلی عیشـقێکی خواوەنـدی، دەبێـت خواوەنـد هەناسـەکانمان بخوێنێتەوە؟ دەبێت قوربانییەکە بگۆڕێت بەعیشق؟ ئەم مەرگەمان لەسەر لاببات( بیرکردنەوەیەکی قوڵ) راهیبەکان دەڵێن: خواوەنـد بەخشـندەیە، ئەگـەر بەخشـندەیە دەبێـت ئێمـە ببینێـت؟ دەڵـێن خواوەندی ئینکا ئاگای لە هەموو جوڵەیەکمانە، ئەوا دەبێت ناخی ئێمەیش ببینێت؟!( فرمێسك بە رومەتیا دێتە خوارەوە، کچی سێی پاکیزەیی وێنەی ناخی لەگەڵدا تێکەڵاو دەکاتەوە)

ناخی کچی سێی پاکیزەیی: لەمن بڕوانن بزانن چیم لێهاتووە؟(هەردوکیان سەیری دەکەن، دووچاوی وەك ئەستێرەو برژانگی وەك مانگی چواردەو پێستی گەنم رەنگی ئاڵتونی و سیمایەکی تۆکمە وەك پەری، هەناسە هەڵدەکێشن).

ناخی کچی یەکی پاکیزەیی: تۆ وەسفی جوانیت بەئێمە ناکرێت.

ناخی کوڕی دووی قوربانی: جوانی تۆ لای خواوەندەکانە وەسف بکرێت.

ناخی کچی یەکی پاکیزەیی: خواوەندی ئینکا ئێمە سێ قوربانیانی ئەرجەنتینین بۆ تۆی خواوەند، هەموو خەڵکی لەم نەریتە یاخین و بۆتە پیشە لەناوماندا، روومان لە تۆیە ئەی خواوەند موعجیزەیەك بنوێنەو ئێمە رزگار بکە؟ نابینیت هەر سێکمان عاشقین. هیچمان مەرگمان ناوێت ئەی خواوەندی مەزن.

# (دیمەنی دووەم)

( بورکانەکە دەتەقێتەوە، گڕو دووکەڵ بە تـەوژمی بـەفرو ڕەنگـی تێکەڵاوی فەزاوە ئاوێتە دەبن، دەنگی چەند رۆحێك لە بێدەنگیـەوە دروست دەبێت، وێنەیەك لە نازەمـەنی زەمەنـەوە، شـێوەیەك لـە ناشێوەیی فەزاوە، سێ جەستە لە ناجەستەیی جەستەکانەوە، چەند دەنگێکی نەبین).

دەنگی رۆحی یەکەم(دەنگی کۆ):

ئێمە قوربانیانی دەساڵ لەمەو بەرین، وەك ئێوە هەمان تەمـەن و باڵا و جوانیمان هەیە، پێناچێت جیاوازیەکمان ببێـت، تـا ئێسـتا خواوەندی ئینکامان نەدیووە، نازانین مانای ئەم قوربـانی دانـەمان چی بوو؟.

دەنگی رۆحی دووەم: من کـوڕی دووی قوربـانیم، نـاوم پۆلۆلۆیـە، کوڕی هەژارێك بووم باوکم کورتان درو بوو، شانسـی مـن شـۆخی

ولآت بووم و تەمەنم حەوت ساڵان بوو،کرامە قوربانی، دایکم خەریك بوو بمرێت، باوکم هاواری دنیای کرد، هەڕەشەی مەرگیان لێ کردن، باپیرەم گوتی: با کوڕێك بمرێت نەك هەمومان، رازی بوون منیان دایە دەستی مەرگ؟

دەنگی رۆحی دووەم: من ناوم سۆسۆیە، کچی ئۆسۆلۆی دەریاوانم، لە رۆژێکی سەرەتای بەهاردا لەسەر کەشتی لە شەپۆلەکانی زەریای هێمندا لە دایك بووم، خوداوەند ئەم جوانییەی پێ بەخشیم، کاتێك منیان کرد بە قوربانی تەمەنم چوار ساڵان بوو، باوکم ویستی بمفڕێنێت و بڕۆین بۆ ولآتێکی تر، گرتیانین و باوك و دایکم بەشمشێر دوو لەت کران و منیان هێنا.(روو دەکاتە ئاسمان) ئای لەم ستەمە خواوەندی مەزن.

دەنگی رۆحی سێیەم: من ناوم پاپۆلۆیە، کچی شاپۆ، یەکەم زەڕەنگەری ناوداری ئەرجەنتین، تەمەنم سیانزە ساڵان بوو، کرامە قوربانی، باوکم گوتی: بارستایی خۆی زێڕتان دەدەمێ کچەکەم مەبەن، بەشمشێر لەسەریان داو کوشتیان. نازانین خواوەند گوێی لە دەنگمانە؟! دە ساڵە ئێمە دەپاڕێینەوە خواوەند وەڵامان ناداتەوە، دەبێت خواوەند ئەم چەند ساڵە خەوتبێت؟

**رۆحی هەرسێ دەنگەکە (کۆرس)**

**چرای گەردوونی بۆ کوژاوەیە؟**

**بۆ مەرگی زەمەن گڕێك ناسوتێت؟**

**دۆژە سارای رۆح هەر کراوەیە!!**

**خواوەندی ئینکا دەنگمان نابیستێت؟!!**

## (دیمەنی سێیەم)

( پەرستگای شاخی ئەندێز، راهیبانی پیاوان و ژنـانی ئـاینی لــە ژوورێکدا کۆبونەتــەوە، روویــان کردۆتــە پەیکەرەکــەی خواوەنــدی ئینکا)

کۆرس: خواوەندی مەزن ئێمە رووممان لەتۆیــە، ولاّتمــان بپارێزیــت، بارانمان بۆ ببارێنیت، نەخۆشیمان لەسەر لابەیت، ئــەی خواوەنــدی مەزن ولاّتمان پــڕ بکــە لــە خۆشــی، قوربانیــەکانمان هەڵبــژاردەن، شۆخەکانی ولاّتمان لە پاکیزەکانــە( هــەموو دەپارێنــەوە، راهــیبی گــەورە قســە دەکــات): خەریکــە ئــەم نەریتــەمان نــاهێڵن و بەرهەڵســتکارمان زۆر بــووە ئەوکاتــەیش خواوەنــد دەســتمان لــێ بەردەدات و ولاّتمان کاول دەبێــت، نابێــت بهــێڵن کــەس سەرپێچــی بکات.

راهیبێکی ژن: بازرگانانی ولاتان دێنە ناو ولاتەوە، ئەوان خەڵك هۆشیار دەکەنەوە، دەڵێن ئەم نەریتە تاوانە و لەجیهاندا نەماوە.
راهیبی گەورە: دەبێت سزایان بدەین. نابێت بهێڵین ئەو قسانە بکەن، پەیوەندیان بە بیرو باوەڕی ئاینیمانەوە هەبێت.
راهیبێکی پیاو: چی بکەین هەتا رۆحی ئاینی بەهێز بکەینەوە؟!
تەوژمی یەهودی و مەسیحی و ئیسلام بڵاوبونەتەوەو دژی ئەم قوربانیەن و بەتاوانی دەزانن.
راهیبێکی ژن: خواوەندی ئینکایش بە خواوەند نازانن.
راهیبێکی پیاو: دەڵێن بتە.
راهیبی گەورە: دەبێت گەورەی ئاینی لەگەل دەوڵەتدا قسە بکات و سزای ئەوانە بدرێت، نابێت ولاتی ئەرجەنتین توشی پچڕانی ئاینی ببێت.
(وروژمی خەڵك و پیاوو ژنانی ئاینی لەدەرەوە دروست دەبێت، چاوەڕێی راهیبەکان دەکەن بێنە دەرەوە. دوو چرپە دێت، ژنێك بەگوێی مێردەکەیدا دەچرپێنێت):
سێ قوربانیەکە فرمێسك دەڕێژن و گەلای کوکەیان دەدەنی هەتا بێهۆش بن، کزە لەجەرگمەوە دێت.

پیاوەکە: ئازار بەخشە زۆر زۆر، چی بکەین پیاوانی ئاینی گوێ ناگرن، هەموو ولاٌتان بە تاوانی دەزانن.

(دەنگێك لەناو خەلٌکەکەوە، پیاوێکی پشت کۆماوەیە):

خەونم بە خواوەندی ئینکاوە بینیووە، چاوەڕوانی قوربانییەکانە بچن بۆ لای( گریا و فرمێسکی رشت)خواوەند بەتەنیایە.

(ژنەکە بەمێردەکەی گوت): قوربانیەکانی تری چی لێکردووە؟ دەبێت خواردبێتنی؟

پیاوەکە: ئاینێکی هەڵەمان هەیە، پیاوە بازرگانەکەی بەرازیل دەیگوت: ئاینی مەسیحی ئەوە بەتاوان دەزانێت. یەهودی و ئیسلامیش، تەنانەت بوزی و هیندۆسیش.

(پیاوانی ئاینی هاتنە دەر، پەرداخە شەراب دەبەخشرایەوە، هەموو پێکیان بەدەستەوە بوو، بە نەمری خواوەندەوە دەیانخواردەوە).

## (دیمەنی چوارەم)

(ژووری پەرستگا سێ قوربانییەکە دڵیان پڕە دەزانن بۆ مەرگەو چاریان نیە، بەردەوامیش گەڵای کوکەیان پێ دەجون. هەتا بێت زیاتر هۆش لەدەست دەدەن، کچی سێی قوربانی ئاگر ناو جەرگی گرت بوو، گەڵاکەی دەجوی):

من حەزم بە مەرگە هۆشم لە دەست داوە، ناوسکم بووە بە تام و بۆن و ئاوی کوکە، خەریکە دەڕشێمەوە، ئێوەیش وەك منتان لێ بەسەر هاتووە؟

کوڕی دووەمی قوربانی: هیچ هۆشێکم نەماوە دەزوولەی مەرگ بەرچاوی تەنیوم.

کچی یەکی پاکیزەیی: چاوم بە موورو بازنەو لەچکەکەمەوە دەخولێتەوە، تۆ بڵێیت دایکم کۆی کردبێتنەوەو بۆم هەڵبگرێت؟. ( هێڵنج دەدات) وا دەمرم. ئای بمرم لەم بێهۆشییەم باشترە، زۆرم

گەڵای کوکە دەدەنی دەڵێن،: نەمرت دەکـات.(روو دەکاتـە ئـەوان) ئێوە نەمر بوون؟ من چاوم نەمری تێدایە؟.
(هەسێکیان لەیەك دەڕوانن) نەمری مانای چیە؟
کچی سێی پاکیزەیی: جگـە لەمـەرگ هـیچ شـتێك لەناوچـاومان ناخوێندرێتەوە.
کوڕی دووی قوربانی: تەنیا مەرگە.
کۆرس: مەرگ.. مەرگ .. باشترە لەم سزایە.
(راهیبە ژنەکان دێنە ژوورەوە)
چیتانە شۆخەکانی ئەرجەنتین؟ ئێـوە شانسـی نـەمریتان هەیـە و لەبری ئاهەنگ بگێڕن دەگرین.
کچی سێی پاکیزەیی: نەمری لە مردندا چییە؟ ئێمە دەمرێندرێین بۆ خواوەند.
راهیبی یەکەم: ئەوە نەمرییە.
راهیبی دووەم، لای خواوەند نەمر دەبن.
راهیبی سێیەم، نامرێندرێن ئێوە نەمر دەکرێن.
کوڕی دووی قوربانی: نەمری چۆنە؟

راهیبی گەورە دێتە ژوورەوە: فوویەکە لای خواوەندی ئینکاوە دێت بە روخسارتان و نەمر دەبن.
کچی یەکی پاکیزەیی: یانی دەفڕین و دەبینە باڵدار؟
راهیبی گەورە: ئافەرین کچی خۆم دەبنە باڵداری ئاسمانەکان.
کچی سێی پاکیزەیی: نەمریەك ببینە باڵدار مانای نانەمری چی دەبێت؟!. پێشینان دەڵێن: نەمری فریشتەییە، وەك فریشتەکان دەبیت.
راهیبی گەورە، فریشتەو باڵدار یەکێکن چی جیاوازییەکییان هەیە؟.
( شەراب دەخورێتەوە، بیدەنگییەکی قوڵ)

## (دیمەنی پێنجەم)

(شاخی ئەندێز لەبەر تۆفانێکی نەبیندا سامناکیەکی مەرگاوی سەر نیشتووە، لەهەر لایەکەوە سەیری بکرێت رەمزی ترس و دوودڵی و مەرگەسات دەداتەوە، پیاوانی ئاینی هەمویان شەراب دەخۆنەوە، بێدەنگی هەموو لایەکی گرتووە، تەنها رۆحی سێ قوربانیەکە بەخواردنەوەی شەرابەوە دایەلۆژی رۆحیان هەیە)

رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: نەمری چۆن بە مەرگەوە دێت؟. .ئێمە دەمرێندرێین، ئایا ئەوە نەمرییە؟

رۆحی کوڕی دووی قوربانی: راهیبەکان دەڵێن: نەمری تەنیا بۆ خواوەندە. ئێمەی مرۆڤ چۆن نەمر دەبین؟.

رۆحی کچی دووی پاکیزەیی: نەمری نازانم مانای چییە؟.

( بێدەنگییەکی قوڵ، رۆحی سێ دەنگەکە ) (کۆرس):

ئێمە نازانین نەمری چییە، دە ساڵە کراوینەتە قوربانی، نەمریمان نەدیوە.

دەنگی یەکەم: رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: من مردوم یان زیندوو؟ لێم بڕوانن، کوا لاشەو رۆحم، روخسارو جوانیم؟

دەنگی دووەم: رۆحی کوڕی دووی قوربانی: نەمری وشەیەکی نامۆیە، تائێستا خواوەندم نەدیووە.
دەنگی سێیەم: رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: لەم شاخەدا کۆدەکرێینەوە، دەنگەکان تێکەڵاو دەبین، هەتا رۆژێك خۆمان بگەڕێینەوە بۆ ئەرجەنتین.
دەنگی یەکەم: رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: بتوانم هەموو راهیبەکان بسوتێنم.
دەنگی دووەم: رۆحی کوڕی دووی قوربانی: لەتوکوتیان بکەم، ئەگەر شمشێرەکەم مابێت؟
دەنگی سێیەم: رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: لەگەڵ ئەندێرای خۆشەویستمدا یەك دەگرین و سەریان دەپەرێنم بە شمشێر.
رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: ناتوانین رابکەین؟
رۆحی کوڕی دووی قوربانی: لەت لەتمان دەکەن.
رۆحی کچی سێی قوربانی: دەمانکوژن هیچ چارەیەکمان نیە، بزانین خواوەند گوێی لە دەنگمانە؟
( رۆحی سێ قوربانی و دەنگی رۆحی سێ قوربانییەکەی تر تێکەڵاو دەبن):

گەردوون: شەش رۆحی پاکیزەت بۆ هات
کوا رەنگ و سۆزی نەمری و مردن؟
دەرگای روانینمان رێی هات و نەهات
ملوانکەی مەرگمان خستۆتە گەردن
( رۆحی سێ دەنگەکە کپ دەبێت، دەگوازرێتەوە بۆ ناو خۆیان)
دەنگی رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: کوژرامەوە نوزەم نەما، هەستدەکەم گڕی بورکانەکەم لەسەرە.(دەنگی نامێنێت).
دەنگی رۆحی کوری دووی قوربانی: کچی یەك کۆتایی هات، منیش هەست بەتوانەوە دەکەم(دەنگی نامێنێت).
دەنگی رۆحی کچی سێی پاکیزەیی:کۆتاییمان هات، کوتا..(دەنگی دەخنکێت).
(کۆرسی مەرگی دەنگی رۆحی هەر سێ قوربانییەکە)
کوا رێگە چارە نەمری چۆنە؟
خواوەند لەکوێیە ببێت بەگۆدۆ؟
دەسرازەی مردن بێ رەنگ و بۆنە
کێ مەرگی ئێمەی خستۆتە ئەستۆ

## (دیمەنی شەشەم)

(فەزا شێواوە، روانین تەڵخ بووە، بێدەنگییەك گەردوونی گرتووە، زەوی بە تەقینەوەی بورکانەکەوە نوزەیەك دەکات، وەك ئەوەی بڕشێتەوە، مرۆڤەکان دوودڵ و گوماناوین، هەموو چاوێك پرتە پرت دەکات، راهیبەکان شێواون و بە دوو دڵییەوە دێن و دەڕۆن، سێ قوربانییەکە بەبێدەنگی لە ناخەوە دەتوێنەوە.)

خواوەند زەمەنمان لێ سڕایەوە

لەکوێ بانگەشەی مەرگەسات بکەین؟

چرای بێدادی هەڵکرایەوە

بەچی تاوانێك گۆڕە شار دەکرێین؟!

(سێ قوربانیەکە گێژ بوون بە جوینی گەڵای کوکە و شەرابی هێرۆین، مێشکیان شەپول دەدات، مردن و ژیان لەلایان تێکەڵاو بووە، زمانیان توانای وتنەوەی وشەی نەماوە، لەناخەوە گڕوگاڵ دەکەن).

گڕوگاڵی کوڕی دووی قوربانی: هەست و نەستم تێکەڵاو بووە.

ئێوەش وەك منتان لێهاتووە؟.

گڕوگاڵی کچی یەکی پاکیزەیی: هەموو شتێکم بیر چۆتەوە، مـردن و ژیان چین؟ رەنگیان چۆنە؟ دەبێت چۆنمان بمرێنن؟!

گڕوگاڵی کچی سێی پاکیزەیی: ئای لەم سـزا ناڕەوایـە؟ ئـای لـەم تاوانە مەزنە؟)

(سێ راهیبەی ژنانی ئاینی و راهیبی گەورە دێنە ژوورەوە)

راهیبی گەورە: خۆتان پاکژ بکەنـەوە سـێ شـۆخە قوربانییەکـەی نەمریتان بۆ خواوەندی ئینکا هەڵبژاردووە.

( کۆرسی راهیبەکان)

خۆتان پاکژ بکەنەوە بۆ خواوەند، ئەی سێ رۆحە نەمرەکە.

(راهیبە ژنەکان دەست دەخەنە ملیانەوەو ماچیان دەکەن، ئەوانیش لەناخەوە دەگرین، گریانێك فرمێسك بە رومەتیاندا دێتە خـوارەوە، دەنگی تەقینەوەی گڕکانەکـەیش تێکـەڵاوی زریـان و گڤـەی بـا و شێواوی فەزا دەبێت، بێدەنگییەك فەزا دەگرێت وەك هەموو زمانێك لەگۆ کەوتبێت، گەردوون کەوتبووە سەر پشوی مەرگ)

کاتژمێردوو. 2021/10/11

# هەورە فیلم

# کچانی بەفر (لادون سیلا)

## بەشی سێیەم

## کچانی بەفر (لادون سیلا)

## بەشی سێیەم

## (دیمەنی یەکەم)

گەردوون لە پشوی مەرگەساتی تێکەڵاوبوونی زەمەنە ئەفسانەییەکاندا بوو، ئەو زەمەنەی کاتژمێرێکی نوێی لە خوێن بۆ گەردوون دروست کردبوو، بەرۆحی جەستە خامۆشەکان چرکەی دەکرد. ڤیستیڤاڵی پاسکیل سواران بەرەو شاخی ئەندیز دەچوو)

رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی(ناو هەلیکۆپتەرەکەیە): دایکە بوخچەی جلەکانم بۆ هەڵبگرە، لەچکە ئاوریشمیەکەم بۆ بشۆو مەیدە بەکەس، دەمەوێت بۆ رۆژی ڤالانتاین لەسەری بکەم.

کچی یەکی پاکیزەیی: ئای رەنگە دوا ساتی ژیانم بێت؟ (پەرداخە شەرابەکە بەلێویەوەیەتی و بیر لەجل و موستیلەو زەنگیانەو مورووەکانی دەکاتەوە)

ئای رەنگە سۆشۆلای خوشکم شتەکانم بۆ هەڵبگرێت، یان باوکم زنجیرە زیوەکەم بۆ بکرێت؟

(وێنەی دەچێتەوە سەر دوکانەکە سەیری ملوانکەو زنجیرەکانی دەکرد، ئەو زنجیرە زیو بوو، گریێ گریێ وێنەی دڵ و ئەژدیهایەکی بچوکی دەدایەوە).

زۆر جوان بوو ئای ئای، کەی نەمر دەبینەوە؟

(راهیبەیەکی شۆخ دەستی گرتبوو ماچێکی کردو پەرداخەکەی نا بەلێویەوە، بەترسی مەرگەوە سەیری کچی سێی کرد)

کچی سێ: دایاگۆ دەمرم و بۆ لای تۆ دێمەوە، چیرۆکی عیشقمان تەنیا ئەو دەزوولانەن لە دڵ و رۆحەوە چنرابوون و هیچمان بۆ ساتێکیش قسەیەکمان نەکرد، ئێستا دەبێت نامەیەکی گەردوونی و لەساتە وەختی تەقینەوەدا بەرۆحمان بنوسینەوە، ببێتە ملوانکەیەك بۆ گەردوون، هەتا بۆ لای یەکتری دەگەڕێینەوە.

(سەیری کوڕی دووی قوربانی دەکات، وێنەی منداڵی دایاگۆ دەبینێتەوە)

کوڕی دووی قوربانی: شمشێرو تیروکەوانەکەم چییان لێ دێت؟ بە دایکمم گوت بیانپارێزێت هەتا دێمەوە، بەگریانەوە ماچی کردم و

گوتی: خەمت نەبێت. راهیبیش گوتی: بۆی هەڵبگرە هەتا بەنەمری دێتەوە. گوتم: بەراست دێمەوە؟ گوتی: بەڵێ دێیتەوە. بەڵام درۆی کرد هەڵی خەڵەتاندم.

رۆحی کوڕی دووی قوربانی: ئێوە هیچتان بیر ماوە؟ ئێمە لەکوێین؟! ناومان چییە؟ ئەم زەمەنە چی ناونیشانێکی هەیە؟!

رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: دایکم گوتی: دەچنە لای خواوەندی ئینکا نەمرتان دەکات و دێنەوە.

رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: راهیب گوتی: فوویەك بە دەمتانا دەکات و دەبنە هاوڕێی خواوەند، ئەوکاتە دێنەوە، بەڵام هەست دەکەم زەمەنێکی درێژمان بڕیووە، ئێمە بەئاسمانەوەین.

رۆحی کوڕی دووی قوربانی: بەگالیسکە هاتین بۆ چیاکە.

رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: سالاویای هاوڕێم مورووەکانی منی بردووە، بەدایکمم گوت: نەیدات بەکەس. ئای ئای زۆر حەزی لێیان کردبوو(بێدەنگی لە ناخەوە) رەنگە بەتەنیا یاریان پێ بکات.

رۆحی کوڕی دووی قوربانی: بزانن شتێکتان بیر نایەتەوە؟

رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: شتەکانم کۆنەکردەوە، دوا یادگاریم لەگەڵیان بەسەر برد، پەلیان گرتم و هێنایانم، دایکم گوتی: برۆ کۆیان دەکەمەوە.

رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: زەمەن تێکەڵاو بووە، ناوی خۆتان بیر ماوە؟ من نازانم توشی چی دەردێکی کوشندە هاتوم، تو بڵێی ئەژدیها قوتی دابێتین؟!

(کۆرس رۆحی سێ قوربانیەکە)

فیلمی زەمەن تراژیدیای مەرگ

روخسار ناگاتە رۆحی با بردوو

کلیلی مردن تۆفانێکی مەنگ

سەر زەوی دەکات بەگڕ و سوتوو

## دیمەنی دووەم (ئاوێنەی زەمەن)

(کۆشکی پەرستگا لە ئەرجەنتین، راهیبی ژن و پیاو بەریزی جیاواز وەستاون، راهیبە ژنەکان هەرسێ قوربانیەکەیان هێنا، یەك یەك پێشکەشیان دەکردن، کچی یەکی پاکیزەیی یەکەم کەس بوو راهیبە سەرپەرشتیارەکەی ناساندی):

راهیبەی سەرپەرشتیکار: قوربانی خواوەند، پاکیزە لۆلۆلۆ بلاس، کچی پیاو ماقوڵی ئەرجەنتین، دەبێتە پێشەنگی قوربانیانی خواوەند.

(هەموو دەستیان بەرز کردەوە و نزایان کرد):

خواوەند ولاتمان بەهێز بکە، خواوەند قوربانییەکەت وەربگرە.

کوڕی دووی قوربانی دووەم کەس بوو راهیبە سەرپەرشتیارەکەی ناساندی:

راهیبی سەرپەشتیار: میسی دۆلاند کوڕی بازرگانی گەورەی ئەرجەنتین، دەبێتە قوربانی خواوەندی ئینکا،

(دەستیان گرت و بەرزیان کردەوە)

خواوەند ولاتمان پڕ بکە لەپیت و قوربانیەکەت وەربگرە.
راهیبی سەرپەشتیاری سێیەم دەستی کچی سێیەمی بەرز کردەوە:
خاتوو داوری شۆم، کچی راهیبی گەورەی ئاینی ئەرجەنتین. سێیەم قوربانی نەمری بۆ خواوەندی ئینکا.
( کۆرس بۆ هەر سێ قوربانییەکە )
ئەرجەنتین سێ شازادەی هەڵبژاردەی ئەم ساڵی پێشکەش کردویت ئەی خواوەندی مەزن، ئەرجەنتین بپارێزە. پیت و خۆشیمان بۆ بنێرە، لەجەنگا سەرکەوتوومان بکە.
( سێ قوربانیەکە گەلای کوکەیان دەرخوارد دەدراو گێژببوون، راهیبی ئاینی نوێژی دابەست و هەموو لە دوایەوە ریز ببوون و نوێژیان دەکرد، دوا جار هەموو پێکەوە نزایان کردو گالیسکەکان ئامادە بوون، پیرو ژنان چونە ناو گالیسکەکان و ئەوانی تر بە پیادە بۆ شاخەکە سەرکەوتن).
دیمەنی دیمەنێك ئاوێنەی زەمەن (ناو هەلیکۆپتەرەکە)
رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی( قسە بۆ رۆحی کوری دووی قوربانی دەکات): تۆ ناوت میسی دۆلاند کوڕی بازرگانی گەورەی ئەرجەنتینیت.

رۆحی کوری دووی قوربانی(قسە بۆ رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی دەکات): تۆیش ناوت پاکیزە لۆلۆلۆ بلاس، کچی پیاو ماقوڵی ئەرجەنتین.

رۆحی کچی سێی پاکیزەیی : هیچتان ناوی منتان لەبیرە؟

رۆحی کوڕی دووی قوربانی و کچی یەکی پاکیزەیی: بیرمان هاتەوە: خاتوو داوری شۆم، کچی راهیبی گەورەی ئاینی ئەرجەنتین.

## (دیمەنی سێیەم)

(ژووری پەرستگا، پەڕۆیەکی ئاوریشم بەسەر کچی یەك و کچی سێی پاکیزەییدا دراوە، دەسرێکی ئاوریشمیش بەچاوی کوڕی دووی قوربانییەوەیە، پیاوو ژنە ئاینیەکان نزا بەسەر سێ پەرداخە شەرابە ژەهراوییەکەی سێ قوربانییەکەدا دەکەن، هەردوو راهیبی پیاوو ژن چرپەیەك دەکەن، شەرابەکان دەدەن بەسێ قوربانییەکە و پەڕۆو دەسرەکە لادەبەن: پیرۆزتان بێت تیشکی خواوەند بەسەر روخسارتاندا کشا.

(کۆرس)

نوری خواوەندە رێ بەڕێ دەڕوات
چرای ئەرجەنتین سەوزو روناکە
چی سۆزێکە وا هەناو ئاو دەدات
رۆح دەشواتەوە بەو گڕە پاکە

## (دیمەنی چوارەم)

(ژووری پشکنین لە نەخۆشخانەی ئەرجەنتین، یەکێك لە تیڤییەکان خراوەتە سەر فیلمێکی ئەفسانەیی هاری پۆرتەر)

پزیشکی یەکەم ست رۆسۆلۆ: پێنج سەد ساڵە مۆمیا کراون ئێستایش خوێنەکەیان گەرمە وەك نەمردبێتن.

پزیشکی دووەم: میستەر گالیلۆ: لەناو بەفرا بوون و تائێستا گەرمابییان نەدیووە .

رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: پێنج سەد ساڵە.

رۆحی کوڕی دووی قوربانی: پێنج سەد ساڵ چەندەیە؟

رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: مانای نیوەی مێژوو، دەکاتە دە عومری باپیرانمان.

رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە؟

رۆحی کوڕی دووی قوربانی: دەبێت بگەڕێینەوە؟!

رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: نەئەرجەنتین ماوە نەدایك و باوکمان.

**رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: موورو جلەکانم براون.**

**هەر سێ رۆحەکە پێکەوە (کۆرس):**

**قوربانی خواوەند ژەهرێکی رەش بوو**

**نازناو بە روخسار ئاڵوگۆڕ کرا**

**سۆزی حەزێکی ئەژدیهایی بوو**

**هەزاران شۆخی بۆ لە گۆڕ نرا**

## (دیمەنی پێنجەم)

کوڕی دووی قوربانی: ئای لەم ستەمە من تەواو هۆشم بەخۆم نەماوە، پێدەچێت هەموو شتێکم بیر چوبێتەوە؟( روو دەکاتە کچی سێ و یەك) ئێوە شتێکتان لە بیرە؟. دەبێت لەم خاکی ئەرژەنتینە هێمایەك بەناوی خواوەندە ئینتی هەبێت؟.
کچی سێی پاکیزەیی: پێناچێت شوێنەوارێك ببێت، دایکم گوتی: خواوەند ئەم پاکیزانەی بۆ چییە هەتا بیانکاتە قوربانی، ئێوە نالێن: ئەو ئێمەی دروست کردووە؟ ئیتر ئەم شۆخانەی بۆچییە.؟
کچی یەکی پاکیزەیی: خواوەند کێیە؟
کوڕی دووی قوربانی: خواوەندە ئینتیە، دەڵێن: لە ئاسمان و لەسەر هەورە، ئێمە بوینەتە قوربانی بۆ ئەوە.
(راهیبەی ژن گوێی لە قسەکانیان دەبێت، بە چەپکێك گەڵای کوکەوە دێتە پێش):
راهیبەی ژن: گەڵای نۆشداری بجون ئەمە دیاری خواوەندە بۆ ئێوە.

**(کۆرس)**

**زۆرمان خواردووە مێشکمان نەماوە**

**زمانمان لاڵ و کەڕ و نابینا**

**هاکا کەوتینە سەرە مەرگەوە**

**ببینە رەمزی کۆتایی دنیا**

**ژن و کچانی ئاینی کۆدەبنەوە، هەر دووان و پەلی یەکێکیان دەگرن:**

**بخۆن گەڵایەك دیاری خواوەندە**

**خوای بوونەوەر و ئەستێرەی گەردون**

**تام وبۆی مۆمیای رۆحی ئازادە**

**نەمری ئێوەی خستۆتە گەردن**

**بەو کۆرسەوە هەمویان کەوتنە جوینی گەڵاکە، سێ قوربانییەکە زۆریان لێ جوی و تەواو سەرمەست بوون،**

**ژنانی راهیب پێکەوە ستایشی خواوەندیان دەکرد، کچی یەك گریا، فرمێسکی رژایە خوار.**

**کچی یەکی پاکیزەیی: دایکمم دەوێت، مووروو کەلو پەلەکانم کوان؟**

(دایکی هەر سێ قوربانییەکە لە ژوورێکی تردا بوون، رێگەیان پێ نەدەدرا بیان بینن، دایکی ئەویان هێنا، راهیب بە گوێیدا چرپاند هەتا چۆن وەڵامی بداتەوە، بەو جۆرەیش هاتە ژوورەوە ماچی کرد و بە باوەشیەوە نوساندی، ئەویش گریا:

مورووەکانم مستیلەو زەنگیانە، دایکە بۆ کوێم دەبەن؟

دایکی لە ناخەوە قوڵپی دەدا نەیوێرا بگری بە گوێیدا چرپاند:

بەیانی دێیتەوە هی تریشت بۆ دەکڕم.

(راهیبەکان بردیانە دەرەوەو سێ شەرابیان بۆ هێنان، کاتێك خواردیانەوە وشەیان لەبیر چوەوە و سواری گالیسکەکان کران بۆ شاخی ئەندێز).

## (دیمەنی شەشەم)

رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: خواوەند پێنج سەد ساڵە ونە، ئێمە بوینەتە قوربانی و نەهات بزانین چی دەکەین؟
رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: نازانم خواوەند کێیە تائێستا نەمدیووە، ئێوە بینیوتانە؟
رۆحی کوڕی دووی قوربانی: خواوەند.. ئای ئای، نازانم ئەم خواوەندە کێیە؟ راهیب دەیگوت: بەئاسمانەوە دەسوڕێتەوە.
رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: بەڵێ دەڵێن: لە ئاسمانە، ئێمە نەمان بینی، رەنگە بیری چوبێتەوە ئێمە قوربانی ئەوین.
رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: هیچتان نەتاندیوە؟ من زمانم نیە بانگی بکەم کێتان زمانتان هەیە؟.
رۆحی کوڕی دووی قوربانی: من زمانم بیر چۆتەوە، رەنگە هەر نەمبوبێت.
رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: زمان چیە؟ نازانم چیمان لێکرا، ئێمە لە شوێنی خۆماندا نەمر بووین، ئێستا بەرەو کوژانەوە دەچین.

رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: کێتان بیرتان ماوە من ناوم چی بوو؟.
رۆحی کچی سێی پاکیزەیی و کوڕی دووی قوربانی لە خۆیان دڕوانن:
هەردووکیان پێکەوە: هیچمان بیر نایەتەوە، تۆ ناوی ئێمەت بیر ماوە؟! تازە بەرەو مەرگ و سڕینەوە دەڕۆین.
رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: هەموو مێشکم سڕاوەتەوە.
هەر سێ رۆحەکە تێکەڵاو دەبن(کۆرس):

کحول و شەراب سزای ئەرجەنتین
بەنەمری خواوەند ئێمەیان مراند
زەمەن و مێژوو بوون بە سیکۆتین
چرای ستەم و کوشتاریان گڕاند

***

ناوو نیشانمان بۆ سڕایەوە؟
بۆچی نەبوینە رەمزی هۆمیرۆس؟
تابلۆی مردنمان بەخوێن نوسراوە
کشانی رۆحیش رەمزی پرۆمیسۆس

## (دیمەنی حەوتەم)

خەستەخانەی ئەرژەنتین قاوشی قوربانیانی مۆمیای بەفر، دوو تیڤی ئـیش دەکـەن، پێشـکەوتنەکانی ئـەرژەنتین نیشـان دەدەن، لـە تیڤییەکیانـدا یـاری تـۆپی پێـی ئـەرژەنتین و بەرازیلـە، یـەکی گۆڵێکیان هەیە، سێ رۆحـە قوربانییەکـە، هەسـتیان بـە گـۆڕان کارییەکان دەکرد، پزیشکەکە کچی سێی پاکیزەیی لەبەر دەستایە، سێ رۆحەکە قسە کردنیان بەردەوامە )

رۆحی کچی سێی پاکیزەیی: ئێستا تەزووی رۆحم دەپچڕێت.

(پزیشکەکە بەشریقەیەك خوێنەکەی دەردەهێنێت، گڕو گاڵی رۆحی کچی سێی پاکیزەیی دەوەستێت)

رۆحی کچی یەکی پاکیزەیی: کچی سێ نەما، کۆتایی هات.

رۆحی کوڕی دووی قوربانی: نەما و وەستا.

رۆحی هەردووکیان:

هاوڕێ ئازیزەکەمان خوات لەگەڵ.

(پزیشکەکە خوێن لەسەری کچی یەکی پاکیزەیی دەردەهێنێت، ئەویش لە قسە دەوەستێت. کوڕی دووەمی قوربانیش بە وەستانی ئەوان دەوەستێت، فەزا ڕەنگی دەگۆڕدڕدرێت، بورکانەکە لە شاخی ئەندزێز چەند تەقینەوەیەکی یەك لەسەر یەك دەکات، گڕو بۆسۆی ئاسمانی ئەرژەنتین دەگرێتەوە، پێش بڕکێی پاسکیل سوارەکان دەوەستێت، ساتێك دەوەستن و بەرەو چیاکە بەڕێ دەکەون، بنارو قەدپاڵی چیاکە بەهێزو جوڵەیەکی سروشتییەوە دەبێتە شەپۆلێکی نەبین، گەردوون بەچرکەی کاتژمێرێکی نەبینەوە دەکەوێتە سەر پشو)!!!

2021/10/9

تێبینی: پاش بڵاوبونەوەی بەشی یەکەم لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، زۆر لەهونەرمەندان داوایان کرد بەشی تری بنوسم. تایبەت کاك(دەروێش عومەر)ی هونەرمەند برای ئازیزم زۆری لێکردم بەشی دووەمم تەواو کرد هەرگوتی: تێری لێناخۆم بەشی سێیەمیشی پێ نوسیم.

# هەورە فیلم

# کاراکتەری وێنە

**خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ پەرتوکی (سلێمانی و خاکی) ئەلبومێکی دیکۆمینتەری لەسەر شاری سلێمانی، لەنێوان سالأنی 1784 – 1991 نوسین و ئامادەکردنی(ئاسۆ عمر سوارە)**

## کاراکتەری وێنە

## (دیمەنی یەکەم )

فەزای شارێکی ئاوێتە بەخوێن وگۆشت، رەنگاڵە بە رەنگە تێکەڵاوەکان، ئاپورە بە دەیەها دەنگی ناوازە، بەشەپۆلی وێنەی بیرەوەری مەرگەساتەوە لەفەزایا تێکەڵاودەبون و جیادەبونەوە، تێکدەشکان و دروست دەبونەوە، دەبون بە ئەلبومێك لە سۆزی عاشقان و پەرتوکێکی خواوەندی لە مێژووی کافرۆشی و کەسانی رێی کاکێشانی مەرگ. لەم شارەدا هەموو خوێندنەوەو وێنەو بیرەوەریەك لە مەرگا بەرجەستە دەبێت، مەرگ گرێ کوێرەی شارەکەی هەڵگرتووە، وەك کۆلارەیەکی گەردوونی بەدەستی کاراکتەری وێنەییەوە دەخولایەوە و فەزای شارەکەیان دروست دەکردو دەیانڕوخاندەوە، کۆلارەیەك ببووە زمانی شار، هەمو دەنگ و رەنگ و جوڵەیەکی وەستاند

## (دیمەنی دووەم)

کاراکتەری وێنە بەکۆلارەکەیەوە شارەکەی پۆشی بوو، بەخەندەی سەر لێوی وێنەی ژیانی ژیاوی شارەکەی دەکێشا، هەموو شتەکان وەستان بوون، روانین دەکوژایەوە، خوێندنەوەیەکی گەردونی بۆ گەردەلولێکی شاراوە لەدەروونەوە فەزای دەپۆشی، شارێك بەئاپورای هەناسەی فەلسەڤ لول ببوو، لاپەڕەی مێژوو بەشەپۆلی بیرەوەریی نەستی کۆمەڵییەوە لەودیوی شتەکانەوە دەبوو بە رەمزی هەرەسهێنان و دروست بوونەوە، شارێك لە هەناسەوە دەئافرێندرا، ئەو تەوژمە وێنەییانەی دورگەکانی گەردونیان دەبڕی و لەشێوەی هەڵماقۆ دەهاتنەوە یاریان بەبیرکردنەوەی بیرکراوەوە دەکردەوە، زەمەن و روانین تێکەڵاوی بێ رەنگی و بێدەنگی دەکران، فەزا وەك بوکە شوشەیەکی خواوەندی رەنگی پەلکە زێڕینەی پۆشی بوو، کاراکتەری پێشهاتی زەمەن بە

هـــەزاران وێنـــەی سروشـــتی و خەیاڵییـــەوە بەکەوتنـــە خـــوارەوەی ئەســـتێرەیەکەوە هاتـــە ســـەر فـــەزای روانـــین، کەسـێك لـە وێنـە دروست ببـوو، هـەزاران وێنـە فۆتـۆیی جەســـتەیان پۆشـــی بـــوو، ببونـــە پـــەرتوکێکی رۆحـــی، بەسـنگیەوە گرتبـوی و تیشـکی هەتاوەکـە بـو روانینـەکان تیشکی پێدەدایەوە:

( سـلێمانی و خـاکی) ئـەلبومێکی دیکۆمینتـەری لەسـەر شاری سلێمانی، لەنێوان سالآنی 1784 – 1991 نوسین و ئامادەکردنی(ئاسۆ عمر سوارە)ی لەسەر هەڵکەندرابوو.

## (دیمەنی سێیەم)

گەردەلولەکە رەوییەوە، پۆپەشمینێکی دەرونی بەجێهێشت، خەیالْ و خەون و ئەفسانەی دێر زەمانی هەڵگرتبوو، شتەکان کەوتنە جوڵە، مارو مێرو باڵندە کەوتنە پەل و پۆو راچەنین، مرۆڤ بە چیغی شارەوە روانینیان هەتەر دەدا، چاوەڕوانی دیمەنی شاریان دەکرد، زمان لەبێ زمانییەوە ئافرێندرا، وێنەکە ببووە جێگەی سەرسوڕمانی نەتەوەیی:

(با) گوتی: مرۆڤی لۆکەییە، بێزمانە.کاراکتەری وێنەییە.

وێنەکان بڵاوبونەوە، بینەران کەوتنە خوێندنەوەی ئاماژەو رەمزو هێماکانی شار، کاراکتەری وێنە هاتەوە سەر شانۆ کۆلارەی وێنەکانی بڵاوکردەوە:

– سلێمانی گەوهەرێکە، شێخ رەزای تاڵەبانی مێژووەکەی دەنوسێتەوە.

بەو قسەیەوە پەنجەی هەڵبڕی و شارەکەی نەخشاند:
(لەبیرم دێ سلێمانی کە دارو مولکی بابان بوو
نەمەحکومی عەجەم نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
وتاڤ کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقە و نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو
درێغ بوو ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جرید بازی لەدەوری کانی ئەسکان بوو
بەزەبری حەملەیێ بەغدای تەسفیر کردو تێی هەڵدا
سولەیمانی زەمان راستت ئەوی، باوکی سولەیمان بوو
عەرەب ئینکاری فەزلی ئێوە ناکەم ئەفزەڵن ئەمما.
سەلاحەدین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو
قەبری پڕ لەنوری ئالی بابان پڕ لە رەحمەت بێ
کەبارانی کەڤ ئیحسانیان وەك هەوری نیسان بوو.)

## (دیمەنی چوارەم)

کاراکتەری وێنە توێژاڵکی ڕێبواری فڕێ دا، زمانی لە بێ زمانیدا کردەوە:

– هەموو عاشقێك ئاوێنەیەکی هەیە، هەموو ئاوێنەیەك عاشقێکی تیایە، من عاشق و ئاوێنەم، لەگەردەلولی زمان و عیشقدا گێژ بووم. ڕەمزی وێنەکانی شارم، بۆشایی نێوان کەوتنەخوارەوەی وشە لە بیرکردنەوەم دەکەم بە منداڵدانی ڕسکاندنی وێنە، کاری من ئەو پانتاییەیە، مێژووی سلێمانی لە وێنەدا دەگێڕمەوە.

گەردەلولەکە هەڵی کرد، جەستە وێنەییەکە بە ملپێچەکەی تۆفانی هێمن کردەوە:

– لەسەرەتای بوونی شارەکەوە لە گێژەڵوکەوە لەدایك بووم، زامەکانم بیٚ زمانیان کردووم، ناچار بووم چوم بۆ شاری فەلسەفە، کەسێك پشتی گرتم:

– وەرە تۆ گەڕیدەی مێژووی شارێکی بیٚ ناوونیشانیت؟.

گوتم: نازانم ناونیشانی خۆم و شارەکەم.

گوتی: من هۆسرلم.

سیوچی ئۆتۆمۆبیلەکەی دامیٚ :

– لێبخوڕە هەتا ناوونیشانت دەدۆزیتەوە.

لەئاوێنەکەم دەڕوانی، پەنجەی راکێشا:

– دواوە رابردووە، ئێستایش ئێستایە، ئایندەیش ئەو شەپۆلانەن دەیانبڕین، ئەو جێگایەی بۆی دەچین ئایندەیە.

گەیشتینە باخاتێك باخەوانێکمان بینی گوتی:

– من گلگامشم. هاتویت بۆ گیای نەمری؟.

گوتم: نازانم گیای نەمری چیە.

بەسەرسوڕماویەوە پەلی گرتم و کێشی کردم هەتا لای ئۆتۆمۆبێلەکە وگوتی:

– بچۆرەوە ناو ئۆتۆمۆبیلەکە، لە ئاوێنەکەدا لەعیشقی بووندا خۆت بتوێنەرەوە، ئەوە گیای نەمرییە.

تۆفانەکە زیاتر بوو، کاراکتەری وێنە هەناسەیەکی هەڵکێشا:

بەو مۆمیاییە کەوتمە شاری شێتانەوە، نان و چاو خواردنم دەست نەکەوت، لە سەر ئەستێڵێك ئاوم خواردەوە، ئارتۆم بینی خۆی لە خوێنی بێ شوێنەواردا هەڵکێشابوو، پەنجەی بۆ راکێشام:

– ئەوە شانۆی توندو تیژی دەنوسمەوە، تۆ زمانت شێتیە و لەشاری شێتانەوە هاتویت، ئەو شانۆیە ببە بیخوێنەرەوە، کاتێك تەواوم کرد شاعیرێك گرتمی:

– من هۆلدرلینم وەرە بەئاماژە پەرتوکەکەت بۆ وەردەگێرم، نەمری شێتیە، شێتێتیش نەمری، لۆغۆز مانای مەعریفەی شێتێتییە، لۆغۆز زمانی عالەم لە زمانی مەرگدا یەك دەخات. دەبنەوە بەزمانی ئامارژەو گریان و هێماو رەمزو نیشانەکان. بەو بیرەوە بچۆ مێژووی شارەکەت بنوسەرەوە.

زۆر سەرسام بووم هەستم کرد توانیم جوگرافیای سلێمانی و خاکی لە وێنەدا بنوسمەوە.
بەو زەنگەوە راچەنیم یەکەم دیمەنی وێنەی پەرتوکی (سلێمانی  و خاکی) لە ئەلبومێکی دیکۆمینتەری لەسەر شاری سلێمانی، لە شانۆنامەی ئەغریق پێشکەش کرا.

## (دیمەنی پێنجەم)

کاراکتەری وێنە لەپارکی ئازادیدا کەوتە نواندنی رۆڵی ئیبراهیم پاشاو بەسواری ئەسپێکەوە غارغارێنی دەکرد، مێرد منداڵێك لەپاشکۆیەوە بوو توند دەستی بەپشتییەوە گرتبوو، هەڵاوی هیلاکیەکی بێ سنوور لەدەمی ئەسپەکەیەوە دەردەپەڕی، لەسەر کانیاوێکی پڕ لەسەوزە گیا وەستا، مێردمنداڵەکە لەتینوێتیا دابەزی، دەمی بە قوڵپی کانیاوەکە ناو تێر ئاوی خواردەوە، ئیبراهیم پاشایش لەئەسپەکەی دابەزی خەتێکی کێشا:

– شازادە سلێمان، ئەم جێگەیە دەکەمە شار و بەناوی تۆوە ناوی دەنێم سلێمانی. کانی ئاسکانیش، دەکەمە چەقی ئەم شارە نوێیە.مێژووی دروست بونی لەم ساڵەوە1784 دەست پێدەکات

ئیمـــاراتی بابـــان بەهـــەموو توخمێکیانـــەوە هاتنـــە ئـــەو دەشـــتاییە بەرینـــەی، ئیـــبراهیم پاشـــا بەئەســـپەکەی غـــار غارێنی تیادا دەکرد.

وێنە دیمەنێك

کاروانێك بە دەم شێواوی فەزاوە دەرکـەوتن، ژن و منـداڵ و پیـاوو پـیر، بەسـواری ئەسـپ و کـەرو مـاین و ئێسـترەوە، شـوێنەواری ئـەمارەتی ئـەردەڵان بـوون، ئەمارەتەکـەیان بـــەهۆی جـــەنگێکی گـــەورەوە روخا،بـــە سوپاســـالاری مەســـتورەخانەوە هـــاتن و تێکـــەڵاوبوون، شـــارێکیان پـــڕ کردەوە، ناونرا سلێمانی.

## (دیمەنی شەشەم)

کاراکتەری وێنە بەو ئاڵایانەوە لەسەر فەزای شانۆ دەگەڕا، وێنـــەی کەســایەتیەکان و دیمــەنی ســەرەتایی شــارەکەی دەخستە فەزاوەو هاواری دەکرد:

- سلێمانی و خاکی.

وێنەی ئیبراهیم پاشای بەرزکردەوە:

- لەلایـــەن میرنشــینی بابــان و لەســـەردەمی حــوکمڕانی ئیـبراهیم پاشـای بابانـدا بەمەبەسـتی پایتـەختی میرنشـین سلێمانی بنیات نراوە.

دوایـی یـەك یەکـە وێنـەی پاشـاکانی بابـان و ئـەردەڵانی خستە فەزاوە:

- ئـەوە پاشـاکانی بابـان و ئـەردەڵانن، ئەوانـەی مێـژووی شاری سلێمانیان دروست کردو بناغەی شارەکەیان دانا.

دیمەنی دیمەنێك

شـار وەك گونـدێکی کـراوە، جوڵەیـەکی گـەورەی گرتبـوو، بەعەقڵێکی تازەوە حەمام و بازارو خان و خانو و باڵاخانەو شەقامیان دروست دەکرد، پیشەگەرانی تەلارسازی لەهەمو لایەکەوە هاتبون بۆ کارکردن.

دیمەنێکی ناوەختە

شـیخ مـارف نـۆدێ لەحەوشـەی مزگـەوتی گـەورە وانـەی بەقوتابیـەکانی دەگوتـەوە، پـۆل پـۆل بـەپێی ئاسـتەکانیان دانیشـتبون، هەرپۆلـە فەقێیـەك وانـەی پێدەگوتنـەوە، وەك زانکۆیـــەکی ئـــاینی و رۆشـــنبیری بناغـــەی رۆشـــنبیری سلێمانیان دامەزراند.

## (دیمەنی حەوتەم)

کاراکتەری وێنە، کۆلارەکەی راکێشا، سەدان وێنە کەوتنە خوارەوە، وێنەیەکی هەڵگرتەوە:

– (بنوسە پیری دڵم ئەمری کرد ئیتاعەم کرد
لە ئیبتیداوە کەبەیتی موناسیبی دیوان
گەدایەکی وەکو مەحوی قەلەندەرێکی کورد
میسالی پادشاهی فورسە ساحیبی دیوان)

دەنگی بەرز کردەوە:

ئەوە مەحوی شاعیری شاری سلێمانیە.

گێژەڵوکە گەردونییەکە هات، کاراکتەری وێنە لە دەوری خۆی خولایەوە، پۆپەشمینێکی لە خۆی ئاڵاند:

– دەستی کرد بەگێڕانەوەی یەکەمین حکومەتی عێراق و وێنەی مەلیك مەحمودی بەرزکردەوە:

- یەکەم مەلیکی عێراق و کورد، شێخی نەمر ڕۆڵی گەورەی گێڕا لە پێشکەوتنی سلێمانی و شەرەفی دەوڵەتی بۆ سلێمانی بەرجەستە کرد، یەکەم پایتەختی عێراق و کوردستان سلێمانی بوو.

دیمەنی دیمەنێك

جەماوەری شار، لەهەمو لایەکەوە سوارو پیادە دەهاتنە ناو شار، ساتە وەختی هێنانەوەی تەرمی شێخ مەحمود بوو بۆ سلێمانی. شار هەوری گریەو مەرگی هەڵگرتبوو، تووڕەیی و قین و تۆڵە لە دارو درەختەوە دەردەکەوت.

## (دیمەنی هەشتەم)

گەردەلولەکە تەوژمێکی ئەفسانەیی هێنا، فەزا بە شەپۆلی وێنە پڕبووەوە، هیچ تروسکەیەك نەما، کاراکتەری وێنە کولارەکەی کردەوە، وێنەکان رژانە ناو شار، هەموو شوێنێکیان پڕ کردەوە، بەو جۆرە کتێبی سلێمانی و خاکی لەوێنەوە دروست بوو، یەك یەك لەفەزاوە بەدەم رەشەبایەکی بەهێزەوە گەردەلولێکیان دروست کرد لە وێنە.

کاراکتەری وێنە هەموو روداوو گۆڕانکاری و کەسایەتییە گرنگەکانی شاری نمایشت کرد، لەکەسانی رامیاری و شاعیرو نوسەران و پیشەگەرانەوە هەتا وێنە پیشەیی و ژیانە ئاساییەکەی شارو ناونرا سلێمانی.

# (دیمەنی نۆیەم): میتا مەرگ

شاسوارێك لەگۆیـژەوە هاتـە خـوار لەسـەرەتای شـارەکەوە وەستا چیرۆکی پەرتوکی
سلێمانی و خاکی گێڕایەوە:
کاراکتـەری وێنـە تـوانی هونـەرێکی نـویٚ لـە مێـژووی گێڕانـەوە دابهێنێـت، لەپـەرتوکێکی 828 لاپەڕەییـدا مێژووی وێنـەیی شارێك بنوسێتەوە، لەڕێی رەمزو هێماو نیشانەکانەوە هەموو خەسڵەت و بیرو بۆچون و روانینێکی ئەم شارەی لە تۆڕی ئاماژەدا کێشاوە.

دیمەنی دیمەنێك
وێنەیـەکی پانۆرامـای سلێمانی بـە ئاپارتمـان و باڵاخانـەو پێشـکەوتنەکانییەوە، هـۆڕینی ئۆتۆمۆبیلـەکان تێکـەڵاو دەبوون، سوپا و ئاڵای کوردستان.
شاسوار کۆلارەی کاراکتەری وێنەی هەڵدایەوە:

ئەمــەیش نەخشــەیەکی هونــەری نوێیــە بــۆ ســلێمانی و فەزایــەکی خــۆکردە لەگــەڵ مێــژووی رابــردوو ئێســتاو ئایندەدا بەیەکـەوە چـرای زەمـەنیان داگیرسـاندووەو هـەتا مێــژوو مێــژووە وەك مــۆمی ســلێمان لەگــەڵ مێــژووی شــارەکەدا هــەر بــەردەوام دەبێــت. چــۆن کارەبــا نــاوی ئەدیسـۆنی لەسـەرە بـەو جـۆرەیش ئـەم پەرتوکـە بـەناوی ئاسۆ سوارەوە هەتا کۆتایی بون نمایشت دەکرێتەوە.

دیمەنی دیمەنێك

گرتــەی دیکۆمێنتــاری کاراکتــەری وێنــە نیشــان دەدرێــت، لەدەرگای مالآن دەدات، تەق تەق:

– وێنەی باوکە شەهیدەکەتم بەری.

– وێنەکانی شاعیر.

نازانن من ئاسۆم، موگناتیسی وێنـەکانی شـارم، ئـەم وێنـە نازدارانە دەکەم بە پەرتوکێك.

دیمەنێك

چــایخانەی شــەعب کاراکتــەری وێنــە لــە سوچــێکدا دانیشـتووە، بـە زەردەخەنـە گەشـەکەی خـەلك لەلایـەوە

دانیشتون و وێنە وەردەگرێت و لەپشتەکەی ناوونیشان و رۆژ دەنوسێت.

چــاوپێکەوتنی تەلــەفیزیۆنی و گرتــەی شــانۆییەکانی کاراکتــەری وێنــە تێکــەڵاودەبن، دەبنــە گــەردەلولێکی گەردونی.

دیمەنی گەردەلول

کاراکتـەری وێنـە کولارەکـەی بـە گـەردەلولی بـاو تۆفانـەوە بەسـەر فـەزای شـارەکەدا بڵاوکـردەوە، جەسـتەی شـار لـە کۆلارەکـەدا پێچـرایەوە، سلێمانی و خـاکی نوسـینی ئاسـۆ عومەر سوارە.

سەرچاوە: (سلێمانی و خاکی) ئەلبومێکی دیکۆمینتەری لەسەر شاری سلێمانی، لەنێوان ساڵانی 1784 – 1991 نوسین و ئامادەکردنی(ئاسۆ عمر سوارە) چاپی یەکـەم، چاپخانەی شڤان سلێمانی.2020.

لــە ژمــارە 1175 لــە2021/5/6لــە ئــەدەب و هونــەری رۆژنامەی کوردستانی نویَ دا بلاوبۆتەوە.

# فیلمی ماکبێس

## نوسینی: ولیم شکسپیر

## سیناریۆ و بە هاوچەرخکردنی :

## سەلاح جەلال

# پەردەی یەکەم

## وێنەی سفری کۆتایی

خوځانەی زەمەن تێکەڵەیەکە لەرۆح و جەستەی نەبین، فەزا بە خوێناوی ئاوس بووە، رەنگی گۆڕاوە، تەقینەوەی گڕکانێك، روانین دەشێوێنێت، زەمەن بەتیژی وەك کرتەیەکی سینەمایی دێتە پێشەوە و دەچێتەوە دواوە.

منداڵێك پاسکیلێك لێدەخوڕێت، رەنگی ماکبێسی هەڵگرتووە .. هەوا وێنەی بڵاو دەکاتەوە .. گێژەڵوکەیەکی گەردونی .. لێکدانی دو ئەستێرە).

## وێنەی دیمەنی یەکەم

تەقینەوەی گڕکانێك، گێژەڵوکەیەکی کەم خایەن، چەند دەنگێکی بەهێزی نەبین، ماکبێس لەناو دەنگەکاندا خول دەخوات، تەنها تارمایی دەبینرێت.

دەنگی یەکەم: ماکبێس تۆ لە پەرتوکی ئەفسانەی مێژودا ناسراویت بەپاشای هەموو ڕەمەنەکان.

دەنگی دووەم: ڕۆح و هێزی تۆ تۆوچەن دەبێت و دەچێتە لەشی هەموو پاشایەکەوە.

دەنگی سێیەم: ماکبێس تۆ تۆ.

ماکبێس: من .. من پێدەچێت ببمە پاشا؟!

رۆحی ماکبێس: نابێت هیچ ناحەزێك لەژێر فەرمان ڕەوایەتی مندا بژی.

ماکبێس: خەوە یان ڕاستییە؟

رۆحی ماکبێس: جەنگەکان گەشەیان کردووە، چەکی جۆراو جۆر لەزەمەنی ماکبێسی ئایندەدا جەنگیان پێدەکرێت .

دەنگەکان: ماکبێس خۆی دۆزیەوە.

تەقینەوەیەکی رۆحی تێکەڵ بە گڕی گڕکان و دەنگە نادیارەکان دەبێت، ماکبێس دەبورێتەوە.

## (دیمەنی یەکەم)

(دەمەو بەیانی .. گرمەی هەورە تریشقە .. گەردەلولێکی بەهێز .. تەلیسمی جادوبازەکان لە دەوری ئاگرێکی کڵپەسەندودایە .. ماکبیس لەسەر گۆڕستانێك کەوتوە، کفنێکی سپی لە بەردایە خوێناوی بوە .. جادوبازەکان لەسەر درەختەکان بەزمانی باڵندە دەدوێن .. خۆیان گرمۆڵە دەکەن .. بایەکی بەهێز دێت .. تاریکی.. لێکدانی دو ئەستێرە .. ماکبیس رادەچڵەکێت .. کفن دادەدڕێت .. جادوبازەکان گڕوگاڵی ئەفسانە دەکەن) :

جادوبازان : ماکبیس.. ماکبیس.. ماکبیس .. ماکبیس پاشای زەمان

(ماکبیس پەل و پۆ دەکاتەوەو چاوی هەڵدەگلۆفێت .. هاوارێکی خەففە دەکات .. جادوبازەکان بانگی دەکەن لەسەر درەختەکان خۆیان فڕێ دەدەنە خوار.. شمشێرێك لەسەر گۆڕێك هەڵدەچەقێت).

جادوبازان: ماکبیس سوپا سالاری زەمان .. چاو بکەرەوە.. ئەو شمشێرە، شم.. ش .

ماکبیس: ئێوە کێن ئەی جادوبازان .. ؟ ئەوانەی جادوی مێژوتان پێیە؟.

جادوبازان: تۆ ئەی ماکبیس .. ( بانگی دەکەن)

ماکبیس: من نازانم ناوم چیە؟ ناوو روخسارمم بیر چۆتەوە.. ئێوە بە چی دەزانن ناوم ماکبیسە ..؟ من .. من؟( لە خۆی ورد دەبێتەوە)ماکبیس ماکبیس؟ ناوێکی سەیرە زۆر؟

جادوبازەکان: ئەمە ئەو شمشێرەیە لە بەرەی جەنگ سەرت دەخات و مەك دانوالدی پێ دەخەیتە سەر زەوی و بە خەنجەر سەری لێدەکەیتەوە .. ماکبیس .

(ماکبێس دەستی بە چاویا دەهێنێت، خوێنەکە لێدەکاتەوە، لەو ساتەدا نوقم دەبێت).

## (دیمەنی دووەم)

(بەرەی جەنگ دو سوپا تێکەڵاو بون .. دەیـان تیپـی کۆنفـۆ شـەڕ دەکەن.. مەك دانوالدی لە ناوەڕاستەوە لە نـاو کۆشـکا وەسـتاوە و شمشێری بەدەستەوەیە و سوپای لـە پێشـڕەویدایە .. نرکـەو هـاوار دەگاتە ئاسمان .. لەشکری دانکەن بـەرەو دواوە دێـت . ورەی سـوپا روخـاوە، تاکـە کەسـێك بەورەیـە پاڵـەوانێکی لـەخۆبردە، چـەند دەنگێکی نەبین بەگوێیدا دێت):

دەنگەکان: ماکبێس تۆ پاڵەوانی ئەم سـەرکەوتنەیت. تـۆ رۆحـی ئایندەت هەڵگرتووە.

(ماکبێس دێتە پێشەوە بەرە و قەڵا سەردەکەوێت.. هەزاران دەنـگ بەرز دەنەوە، ماکبێس خیراتر دەبێت، پلەی یەکەم کۆشکێکی کـۆن .. پلەی دووەم نوێ .. پلەی سێەم کۆن .. پلەی چوارەم نوێ .. پلـەی

پێنجەم کۆن.. پلەی شەشەم نـویێ.. پلـەی حەوتـەم کـۆن .. پلـەی هەشتەم نویێ.. پلـەی نۆهـەم کـۆن .. پلـەی دەهـەم نـویێ.. پلـەی یازدەهەم کۆن .. پلەی دوازدەهەم نویێ .. )

(چونە ناو کۆشکی کۆن ).

ماکبێس: ئەی مەك ئێستا دەگەیتە مەرامی گڵاوی خۆت .

مەك دانوالدی: وەك سەدانی تر دەتنێرمە دۆزەخی سەرشۆڕی.

(بێدەنگی هەردو سوپا دەگرێت .. شمشێر بە حـەواوە دەوەسـتێت .. هەمو سەیری یەکلاکردنەوەی شەڕ دەکـەن .. مـەك لـە ئازایـەتی ماکبێس دەلەرزێت .. پلە بە پلـەی سـەرکەوتنی بـۆ کۆشـکەکە هێزی نامێنێت .. ماکبێس دێتە بەرامبەری.. شەڕ دەست پێدەکات ماکبێس بە خەنجەر سەری دەبڕێت و بە قەڵاکەدا هەڵیدەواسێت ).

# (دیمەنی سێهەم)

(گرمەی هەورە تریشقە دێت، سێ خوشکی جادوباز دێنە ژورێ)

جادوبازی یەکەم: داخۆ ئێمە کەی بە یەك دەگەینەوە لە نێو تۆف و با و باپوسکەدا؟. یاخود

بۆران و رەشەبا .. ؟

جادوبازی دووەم : کاتێك مەیدانی شەڕ بە سەرکەوتنی کۆمەڵێك کۆتایی دێت.

جادوبازی سێیەم: بەر لەوەی هەتاوی زێڕین کۆشکی ئاسۆ بەجێبێڵت .

جادوبازی یەکەم: دەبێت شوێنەکەمان کوێ بێت؟.

جادوبازی دووەم: دڕکەڵانە.

جادوبازی سێیەم: لە بۆ دیداری ماکبێس بێت؟.

جادوبازی یەکەم: دەنگی پشیلە بۆر دەبیستم.

جادوبازی دووەم : ئەوەش قیڕەی بۆقە .

رۆحی ماکبێس: مـن لێـرەم ئامـادەگیم هەیـە، بـەخۆم و هـەموو لێکچـوەکانمەوە بەدرێـژیی مێـژوو، جەسـتەکانی دوای خـۆم وەك جاڵجاڵۆکە بەدوامەوەن.. ئـای لـەو هـەموو موکبێسـەی لـەدوای منەوە دێن.

جادوگـەرەکان: رۆحـی تـۆ بـووە بـەزنجیرەی مێـژوو، هـەرجارە لەشێوازێکدا خۆی دەنوێنێتەوە.

(رۆحی ماکبێس ون دەبێت، جادوبازان دەستی بـەتاڵ بـۆ یـەکتری هەڵدەدەن)هەمو پێکەوە:

ئەرێ چەند دزێوە جوان و ئەرێ چەندە جوانە دزێو.

دەبا خول بخۆین بەناو تەم، بەناو دوکەڵی پیسی و جنێو .

(لەتەم و مژدا ون دەبن)

## ( دیمەنی چوارەم)

(دڕکەڵان. گرمەی هەورە تریشقە.سێ جادوبازەکە دێنە ژورێ)

جادوبازی یەکەم: خوشکە گیان لەکوێ بوی؟

جادوبازی دووەم: ڕاوە بەراز.

جادوبازی سێیەم: ئەی خوشکە تۆ لەکوێ بوی؟

جادوبازی یەکەم: ژنی پاپۆڕەوانێکم بینی کۆشێك خواردنی پێ بـو بەشی نەدام .. ئەو جندەیە قسەی پێ گوتم و دەری کردم .. (هەناسە هەڵدەکێشێت) دەزانم مێردەکەی کێیە لێخوڕی پاپۆڕی بەورە بەرەو حەڵەب دەڕوات.

دەبێ ڕاکەم بەدوایدا هەتا وەکو مشکی کلك قرتاوی لێدەکەم.

جادوبازی دووەم: مـنیش بایەکت بۆ دەنێرم.

جادوبازی سێیەم: منیش بایەکی تر.

(پاپۆڕەکە نقوم دەبێت هەموویان سەما دەکەن):

هەر بسوڕین و بسوڕێن و بسوڕێن

سێ لە بۆ من سێ لە بۆ تۆ

ها ئەوە سێ یەکی دیکە سەر لەبەر نۆ

وست بن ئێستا سیحری ئێمە سەردەگرێ

(ماکبێس و بەنکۆ دێنە ژورێ)

ماکبێس : هەرگیز رۆژێکی وا خۆشم نەدیبو ..

بەنکو : تا فۆرِیس چەندە ماوە ؟ ئەمانە چین هێندە شپرزەن ؟! بەم جلە کۆن و دڕاوانەوە لە خەڵکی گوێ زەوی ناچن .. (رویان تێدەکات ) ئێوە گیانلەبەرن یا نا؟! هەرسێکتان قامکی قلێشاوی خۆتان بەلێوی وشکتانەوە دەنێن.. دەشێ ژن بن ؟ بەڵام ریشتان وام لێدەکات لەم قسەیەم پاشگەز ببمەوە.

ماکبێس : پێمان بلێن ئێوە چین .. ؟

جادوبازی یەکەم : بژی ماکبێس .

جادوبازی دووەم: بژی تۆ سوپا سالاری گلامیز.

جادوبازی سێەم: بژی ماکبێس .. تۆ لەمەولا دەبیتە پادشای مەزن
.

بەنکۆ: گەورەم بەم قسە خۆشانە رەنگت گۆڕاوە .. (روەو جادوبازان) سوێندتان دەدەم ئایا ئێوە زادەی وەهمن یان روالەت ؟ مژدەی میرایەتی دەدەن بە هاورێکەم و ئاگای لە خۆی نەماوە لە خۆشیان بەلاّم هیچ من نادوێنن.

(هەر سێکیان): بژی بژی.

(ماکبێس لەچاو ون دەبێت)

رۆحی ماکبێس: من رۆحی هەموو سەرکردەی سەدەکانم، هەر بڕیارێك بدەم گەڕانەوەی نییە، دەبێت جیهان بگرم. (دێتەوە بەرچاو)

ماکبێس: ئای خەوو راستی تێکەلاّوبوون.

جادووبازەکان: لەوە دەچێت چەند سەدەیەکت بڕی بێت.

جادوبازی یەکەم : ئەی نزمتر لە ماکبێس و مەزنتر لەو.

جادوبازی دووەم: بەختەوەرتر لەو و نابەختەوەرتر لێی.

جادوبازی سێیەم: هەرگیز نابیتە پاشا و هەمویان لە تۆ دەکەونەوە.

ماکبێس: لە دەشتێکی ئاوا قڕا مژدەی پێشبینی دەدەن ئەوە فەرمانەو ناکرێت پشتگوێ بخرێت .

(جادوبازان لە چاو وندەبن)

بەنکۆ: ئەمانە بڵقی سەر ئاو بون . تۆ بڵێی ئاڵقەتیسمان خواردبێت و شێت بوبێتین؟ .

ماکبێس : کوڕانی تۆ دەبنە پاشا .

بەنکۆ: ئەتۆ خۆت دەبیتە پاشا.

(راس و ئەنگوس دێنە ژورێ)

راس: گەورەم ماکبێس .. پاشا چاوی لە ئازایەتی تۆیە و نامەبەر لە دوای نامەبەر دێت و باسی مەردایەتی تۆ دەکات.

ئانگوس: گەورەم ئێمەیان ناردوە تا سوپاسی پاشات ئاڕاستە بکەین و پێت بڵێین: بەزویی بە خزمەتی پاشا بگەن .

راس: دەستوریان بەمنداوە وەکو سپاسالاری کودۆر ناوت بهێنم.

بەنکۆ: دەڵێی ئیبلیسیش قسەی راستی بەدەمدا دێت ؟

ماکبێس: سپاسالاری کودۆر زیندوە چۆن من بچمە جێگای؟
ئانگوس: ژیانی شایانی کۆتایی پێهێنانە.
(ماکبێس لەبەرخۆیەوە) سپاسالار گلامێز و کوردۆری سپا سالاریش هەر ناوە گەورەکە بەڕێوەیە .. (روە و ئانگوس و راس) سوپاستان دەکەم
(رو دەکاتە بەنکو) ناخوازی رۆڵەکانت ببنە پادشای وڵات ؟
بەنکۆ: زۆر جار رێدەکەوێت کاربەدەستانی شەوەزەنگ مژدەی راستیمان پێدەڵێن.
(رودەکاتە راس و ئانگوس)
تکایە لەوە زیاتر قسەمان بۆ مەکەن.
ماکبێس: ئەم کەڵکەڵیە خەڵاتی عالەمی غەیبانیە خراپ و چاك نابێت .
بەنکۆ: لەو هاوڕێیەمان بڕوانن چۆن نوقمیی بیرکردنەوەیە.
ماکبێس: بەخت بە نیازە بمکاتە پاشا پرسی کەسی ناوێت.(سەیری هەمویان دەکات) با بڕۆین گەلی هاوڕێیان. (دەچنە دەرێ )

# دیمەنێکی نەبین

(ماکبێس سەیری وێنەی خۆی دەکات لە سەر ئاوی کانیەك .. خەیاڵ دەیباتەوە .. سەدان سوپا لە مەحشەری زەویا رێدەکەن .. بە ئەسپی ئەفسانەیی ئەم سەرا و سەری جیهان دەکات .. جادوبازان بە نەبینی ئاماژەی بۆ دەکەن .. )

(بەنکۆ سێکس لە گەڵ پاشایەکی ژندا دەکات، ئەوسا مشتێك لە ئاوەکە دەدات و رو دەکاتە ماکبێس):

بەنکۆ: هاورِێ دیارە جادو فێری بەرزە فرِی کردویت؟

ماکبێس: کەس ناتوانێت بەرز بێت، ئەگەر توانای حیکمەتی غەیبانی لەگەڵ نەبێت .. هاورِێ حەز دەکەیت نزم ببمەوە .. ؟

(ئالآیەك لە ناوەڕاستی سوپاکە هەڵدەکات .. تەلیسم لە بەر چاوی دەرِەوێتەوە .. دەکەونە رِێ)

(هەمان دیمەنی گۆڕستانەکەیە .. دەنگی باڵندەیی جادوبازان .. ماکبێس خوێنەکەی دەستی بەکفنەکەی دەسڕێت .. شمشێرەکە بەدەستیەوە دەگرێت .. لە سەر رانی دایدەنێت .. سەری بە سەر کۆشیدا شۆڕدەکاتەوە .. )

## ( دیمەنی پێنجەم)

(گالیسکەیەك دو سەگ بەبەفرا رایدەکێشێت .. نامەبەرێك لەسەریەتی)

(ئۆرردوگایەك دانکەنی پاشا و مەلکۆلم و دانلبین و لێناکس دێنە ژورەوە . دەست و پێوەند دێنە ژورێ جەنگاوەرێکی لاشە خوێناوی دەردەکەوێ)

مەلکۆلم: ئەم سەرپەلە بوێرە نەیهێشت بکەومە دەستی دوژمنەوە(روی تێدەکات ) سەرپەلی ئازا چیت دیوە لەمەیدانی جەنگ بۆ پاشای بگێڕەرەوە .؟

سەرپەل : مەیدانی جەنگ وەك زەریای لێهات بو.. مەلەوانانی شەکەت ئاوقای یەك دەبون . مەك دانوالدی دلڕەق لە دوورگەکانی رۆژئاواوە پیادەی چەکدار و سواری خاوەن چەکی قورسی هێنا بو بۆ

بوکی بەخت.. بەدەم دڕندەییەوە پێدەکەنی، هەتا ماکبێسی دلێر وەکو خواوەندی جەنگ بەخەنجەری دەبان دڵی دەرهێنا و کەللەی سەری بە قەڵاکەدا هەڵواسی .

دانکەن: بژی بۆ تۆ ماکبێس ئەی ئامۆزای هەرە دلێر.

سەرپەل: لەولایەوە لەگەڵ خۆر هەڵهاتندا وڵات تیشک پڕژێن دەکات، رەشەبای پاپۆڕ شکێن و هەورە تریشقەی ترسهێن بەرێوەن، وەك لەو کانگا پیت و پیرۆزە لافاوی بەڵا بێت ئەی پاشای سکاتلەند ئاگادار بە لە هێرشی بەدناویان.

دانکەن: داخۆ ئەم هێرشە ترسی نەخستۆتە دڵی جەنگاوەرانی ئێمە، ماکبێس و بەنکۆ.

سەرپەل: وەك ئەو ترسەی چۆلەکە دەیخاتە دڵی هەڵۆیەکی بەرزە فڕ. دوژمنان دەیانویست لەنێو دەریای برینە خوێن پژێنەکاندا نقوم بن یان بەسەرهاتی کوشتارگەی جولجوتایەکی تر لەسەر دڵی مێژو تۆمار بکەن.

دانکەن: برینەکانت هەر تکێکیان هێمای شەرەفن (دەیبەنە دەرێ)
(راس و ئانگوس دێنە ژورێ)
دانکەن: سوپا سالاری بەڕێز لە کوێوە دێیت.
ڕاس: پاشای مەزن لە فایفەوە، ئالاَّکانی نۆروێژی سەر لەئاسمان دەسون و بایەکی سارد زللە لە پەنا گوێی خەڵکانی ئێمە دەدات. لەوێ پادشاهی نۆروێژ لەسەر دەستی سوپای زۆرو کودۆری سوپا سالار شەڕێکی خوێناویان دەست پێکرد، هەتا ماکبێس هاوسەری بێلونا (خودای ژنی جەنگاوەری) زرێ لەبەر سەری بڕی.
دانکەن: ئیتر کودۆری سوپا سالار لە ئاستی ئێمەدا کەوت بڕۆن جاڕی مەرگی کۆدۆر لێدەن.

## ( دیمەنی شەشەم)

(فوریس، ژورێکی ناو کۆشك )

(دەنگی شەیپوڕ. دانکەنی پاشا و مەلکۆلم و دانبلین و لیناکس و دەست و پێوەند دێنە ژورێ )

دانکەن : ئەرێ سپا سالاری کودۆر لە دار درا ؟

مەلکۆلم : هێشتا ئەوانەی ئەو ئەرکەیان پێسپێردرا بو نەگەڕاونەتەوە.

(ماکبێس و بەنکۆ و راس و ئانگوس دێنە ژورێ )

دانکەن : کوڕە پوری خۆشەویستم تۆ ئەوەندە تیژ تێدەپەڕیت، بەرزە فەڕترین قورسایی پاداشتی جیهانیش ناتگرنەوە،

ماکبێس: نایابترین خەلاتی من خزمەتگوزاری و ئەمەکداریمە بۆ تۆ.

(بەنکۆ بەسنگەوە دەگوشێت)

تۆش لەو کەمتر نیت و بەقەد ئەو شایانی ڕێزیت.

(رو دەکاتە هەمویان )

کەس و کارم لەمەو دوا کوڕە گەورەی خۆمـان مـەلکوڵم دەکەینـە جێگری تاج و تەختمان .. دەبا لێخوڕین بەرە و ماڵی ماکبێس لـە ئینۆێرنێس .

(ماکبێس لەبەر خۆیەوە قسە دەکات )

ماکبێس: لەگەڵ ئێوەمە ئەی ئەستێرەی ئاسمان تیشك و پریشـك و پرشنگتان بشارنەوە تا هیچ تیریژێك بۆی نەبێت چاوی بەو خواستە رەشە بکەوێت.

(دەنگـی شـەیپوڕ دەچـێتە دەرێ .. لـە پێشـەوە دەڕوات لـە گـەڵ قامچیدا خەیاڵ دەکاتەوە).

(هەمان دیمەنی گۆڕسـتانەکەیە .. دەنگـی باڵنـدەیی جادوبـازان.. ماکبێس رادەچڵەکێت.. کچێکی منداڵ لە گونیەیەکدا تل دەبێتەوە دەقیژێنێت ):

کچ: ماکبێس ماکبێس.

ماکبێس: ئەی جادوبازان چۆن منتان پەلکێشی ئەم جێگەیە کرد؟چی ئەفسونێکتان لێکردم .. ئای ئای .. ( هاوار دەکات و دەکەوێت و لەچاو ون دەبیت).

رۆحی ماکبێس: سەرکردەی جیهانم، چەند سەدەیە دەڕوات و هەر جارە شێوازێکم هەیە ،(خۆی دەبینێتەوە تاجی پاشایەتی لەسەرە، بەتۆفانێکەوە رۆحی دەکشێت و بەخێرایی چرکە سەدەکان دەبڕیت، دەستی راگرتووە سوپای جیهان بەژێر دەستیدا دەڕوات): ماکبێسە، سەرکردەی سوپایەکی وابەهێزە.

ماکبێس: من شەڵەژاوم هیچ بڕیارێکم بۆ نادرێت، نازانم گەردوون چی لەچارەم نوسیووە.

(ماکبێس دەقیژێنێت و شمشێرەکە هەڵدەگرێت و دەچێت منداڵەکە دەردەهێنێت بە دەستی راستی دەیگرێت و بەرە و بنار دەڕوات .. جادوبازەکان پێشی دەکەون):

(رەشەبایەکی بەهێز.. لێکدانی ئەستێرەکان .. جادوبازان ون دەبن .. ماکبێس بەرەو خوار دەڕوات).

## ( دیمەنی حەوتەم)

(ئینوێرنێس، بەردەم کۆشکی ماکبێس، ژنی ماکبێس بەتەنیا دێتە ژورێ، نامەیەکی بەدەستەوەیە )

خاتو ماکبێس(نامەکە دەخوێنێتەوە): لەرۆژی سەرکەوتندا سەرکەوتین چاوم پێیان کەوت و وەك چرا. لەو ساتەوەختەدا من لە نێو ئاگری بەتینی تامەزرۆیدا دەسوتام، لە ناکاودا بون بە بایەك و سەریان هەڵگرت و ون بون. هێندەی پێنەچو نامەبەرانی جەنابی پاشا هاتنە لام و بەناوی سوپا سالار کودۆر بانگیان کردم .

(خۆی بە سەگە خوریەکەوە دەنوسێنێت تا هەناسە بڕ دەبێت)

پێشتریش خوشکانی جادوباز بانگیان کردبوم . بژی بۆ تۆ، دوا رۆژ دەبیتە پاشا؟ (تۆ هێژاترین هاوبەشی گەورەیمی ) تا ئاگاداری ئەو بیت مژدەی مەزنایەتیان بەتۆ داوە و ئەم قسەیە لەدڵتا حەشار بدەو ماڵت ئاوا.

(سەر بەرز دەکاتەوە )

تۆ سوپا سالاری گلامیز و کودۆر و، هەر دەبیتە هەمان کەسێك مزگێنیان پێداویت. خواستی خۆمت بەگوێدا بچرپێنم بە تیغی تیژی زمانم گوێی ئەوان ببڕم، تۆ لە ئاواتی ئەڵقەی زێڕین دور رادەگرن .. هەر ئەو ئەڵقە زێڕینەی پێدەچێت دەستی ونی چارەنوس و هانای عالەمی غەیبانی لەسەر سەری تۆی مەزنیان داناوە.

(یەك لە دەست و پێوەندەکان دێتە ژورێ) باس و خەبەر ؟

دەست و پێوەند: پاشا ئەمشەو بۆ ئێرە تەشریف دەهێنێت.

خاتو ماکبێس: رێزی بگرن( دەست و پێوەندەکە دەچێتە دەرێ) قڕانی قشقەرە ئازاری گوێ دەدات ئەو کاتەی باسی ئاکامی شومی دانکەن بە گوێی قەڵاو قەسری ئێمە دەگاتەوە.(ماکبێس دێتە ژورێ)

سوپا سالاری گەورەی گلامێز! سوپا سالاری بەرێزی کودۆر، ئەی مەزنتر لەم دوانەش لەگەڵ پیرۆزبایی گەرمم بۆ داهاتوت! نامەکانت دەستم دەگرن لە چاڵاوی ئەم دنیا بێ خەبەرییەی

ئێستاکەمدا دەرم بهێنن و هەنوکەش واهەست دەکەم ئایندە لەم ساتە وەختەی ئێستا دایە.

ماکبێس: ئەی خۆشەویسترین کەسم ! ئەوە دانکەن ئەمشەو بەرەو ئێرەوە دێت.

خاتو ماکبێس: ئەدی ئەی کەی دەڕواتەو ە ؟

ماکبێس: بەیانی .. ئەوە خۆی خوازیاری بوە .

خاتو ماکبێس: ئەو بەیانییەی هەتاو هەرگیز چاوی پێناکەوێت! سوپا سالاری بەرێزم روخسارت بۆتە کتێبێک مرۆڤ شتی سەرسوڕهێنەری تێدا دەخوێنێتەوە .(باوەش بە ماکبێسدا دەکات)

ماکبێس: ئەم بەیانیە لەگەڵ زەنگی بایەقوش و داڵی زەمەندا جادوبازان هەڵیان گرتم و ئەم شمشێرەیان پێدام و مژدەی پاشایەتیان داومەتێ.

(سیکس)

## (دیمەنی هەشتەم)

(دەنگی شەیپور، دانکەنی پاشا و مــەلکۆلم و دانلــبین و بــەنکۆ و لێناکس و مەکـداف و راس و ئـانگوس و دەســت و پێوەنـد دێنــە ژورێ)

دانکەن: ئەم کۆشکەتان هەوای دڵفرێنی دەخاتە ناو رۆحەوە.

بەنکۆ: ئەم باڵندانە لەهەر جێیەکـدا بـێن و بچـن هــەوا خـۆش و سەفایە

(خاتو ماکبێس دێتە ژورێ)

دانکەن: ئەی خاتونی خۆشەویست داوای پاداشتمان بۆ بکە لــەلای خوا.

خاتو ماکبێس: سەرو ماڵمان ئەمانەتی تۆیە لەلامان.

(دەچنە دەرێ)

(خاتو ماکبێس خۆی بە سەگە خوریەکەوە دەنوسێنێت و سیکســی لەگەڵ دەکات).

## ( دیمەنی نۆیەم)

(شەیپور و مەشخەڵەکان. میواندار و خزمەتکار خەریکی مەنجەڵ و قاپ وکەوچکن  ماکبێس دێتە ژورێ)

ماکبێس: دوای ئەم کارەم ئاژاوە دادەمرکایەوە.. لەسەر ئەم کەنارەی زەماندا دنیاکەی ترم بەم زەبرە دەگۆڕیەوە.. لەگەڵ ئەوەش دا ئەم ئەرکە دادوەرێکی هەیە دوای خوێنڕشتن . پاشا من بەخزم و ژێردەست و خانە خوێ دەزانێ بۆیە خەمی نیە، جگە لەوەش لەدەسەلآتدا فریشتەیە بۆیە بەزمانی سوری ئیسرافیل دەدوێت.(سەر بەرزدەکاتەوە) ئەم کردەوەیە مەترسیەکەی دەچێتە گلێنەی چاوەوە .. با لە گۆمی ئەسریندا نقوم ببێت.. بەلآم خولیای بەرزە فڕیم وەك هەڵۆ بەرز خۆی فڕێ دەداتە سەر تەختی زینێك لەوسەری دیکەوە بەسەر دەکەوێتە سەر زەوی .. (وێنەی جیهان دەبینێتەوە)

(خاتو ماکبێس دێتە ژورێ) هەواڵ چیە؟

ماکبێس: ئەوەندە لەمێژ نیە خەڵاتی پایەو شەرەفی بەشانی من بەخشیوە.

خاتو ماکبێس: تۆ دەتەوێت هەمیشە ڕێزی ترس بگریت وەك پشیلەیەك پێی وایە ماسی خواردنێکی بێوێنەیە و خۆختننە ناو ئاویش مەترسی دارە.

ماکبێس: هەر کەس لەمن ئازاتر بێت مەرد نیە.

خاتو ماکبێس: ئەگەر وەك تۆ سوێندی داگیرکردنی تەختم بخواردایەن ئەو ساتەی بە دەممەوە پێدەکەنی مەمکیم لە دەمی بێدانیەوە دەردەهێنا و مێشکیم دەپژاند .. لەو کاتەی دەخەوێ بەدەم مەستی شەرابەوە پاسەوانی ماڵی ئەقڵ باری ئەم تاوانە هەڵدەگرن.

(دەگەڕێنەوە بۆ هۆڵەکە).

# پەردەی دووەم

## (دیمەنی یەکەم)

(ئینوێرنێس. حەوشەی نێو کۆشك)

(بەنکۆ و فلیانس بەمەشخەڵەوە دێنە ژورێ و چاو دەبڕنە ئاسمان)

(ماکبێس و خزمەتکارێك بەمەشخەڵێکەوە دێنە ژورێ) ئەوە کێ یە؟

ماکبێس: هەڤاڵتانە.

بەنکۆ: گەورەم شا نوستوەو لەهەمو کاتێك سەرخۆشترە، ئەم ئەڵماسەی پێشکەشی خاتو ماکبێس کردوە (سەیری مانگ دەکات) دوێ شەو خەوم بەسێ خوشکە جادوبازەکەوە بینی دوا ڕۆژیان پێ گوتیت.

ماکبێس: من بیر لەوانە ناکەمەوە .

(بەنکۆ و فلیانس دەچنە ژوری خۆیان)

ماکبێس : برۆ بەخاتونت بڵێ شەرابەکە ئامادە بو زەنگ لێبدات، تۆش بنو.

(خزمەتکارەکە دەچێتە دەرێ) ئایا ئەمە خەنجەرە؟ خولیای ناپیرۆز و خەیاڵی شوم من نازانم هەستەکانی دیکەم چاومیان لە خشتە بردوە؟ بەسەر دەسك و تیغەکانتەوە پەڵەی خوێن ئەبینم . جادوبازێك لەدرگانەی هێکات خێوی هەڵبروسکاوی هەتایی دەپارێتەوە (دەخولێتەوە ) ئەی گۆی زەوی ئارام و خۆ راگریت گوێت لێم نەبێت هەنگاوم بۆ کوێ گرتوەتە بەر، نەکا بەرد بێتە زمان و بەقسەی بێ سەروبن لە جێگاو پێگەم بپرسن تەمی ترس بڕەوێتەوە. (زرینگەی زەنگ)ئەی دانکەن ئەمە زرینگەی ئەو شین و شەپۆڕەیە بۆ بەهەشت یان دۆزەخت دەبات .(دەچێتە دەرێ)

## (دیمەنی دووەم)

(خاتو ماکبێس دێتە ژورێ)

خاتو ماکبێس: ئەوەی ئەوانی دامرکاندوە ئاگری لە گیانی مندا کردوّتەوە. ئەوە ناڵەی کوندەبوە؟ دەرگا ئاوەڵان ژەهرێکی وام بۆ تێکردون مەرگ و ژیانیان تێکەڵاو بوە .

ماکبێس: ( لەپشت سەکۆوە )ئەوە کێیە ؟ چی بوە؟ هۆی؟(ماکبێس دێتە ژورێ، سیمای ئاگراوی بووە، رەنگی خوێن لەچاوی نیشتووە، دەنگە نەبینەکان مێشکیان کاس کردووە، بەدەم خولانەوەوە): ئەرکم بە ئەنجام گەیاند.

خاتو ماکبێس: ئەوە ناڵەی کوندە بەبوە یا سریکەی سیسرکانە؟.ئەگەر هێشتا هەر پاشا خوێنی لەبەر بڕوات روخساری پاسەوانەکانی پێدەشۆم . (دەچێتە دەرێ دەنگی لەدەرگادان).

ماکبێس: ئەتۆ بڵێی سەر لەبەری ئۆقیانوسی بێسنوری نیبتۆنیش توانای هەبێت ئەم خوێنە لە دەستەکانم پاك بکاتەوە؟ نا .. نا ئەو دەستی من زەریا بێ ژمارەکان ئاوێتەی خوێنی خۆی دەکات و سەوزیان لێدەکات بە سور .

(خاتو ماکبێس دەگەڕێتەوە) دەستی منیش هاو ڕەنگی دەستی تۆن بەڵام بۆ من شەرمە وەك تۆ دڵێکی ڕەنگ هەڵبزڕکاوم هەبێت ( دەنگی دەرگا) دەچنە دەرێ.

# ( دیمەنی سێیەم)

( هەمان شوێن دەنگی دەرگا.. دەرگاوانێك دێتە ژورێ، مەکداف و لێناکس دێنە ژورێ)

مەکداف : دەبێت پاشا هەستا بێت ( ماکبێس دێتە ژورێ) ئەو لە دەرگادانە لەخەوی هەستاندوە .

لێناکس: رۆژباش گەورەم .

مەکداف: پاشا هەڵنەساوە.

ماکبێس: دەتانبەمە خزمەتی.

(دەچێتە دەرێ)

لێناکس: شەوێکی ئاڵۆزە دوێنێ شەو با دوکەڵکێشیماڵەکانی رفاند، دەیانگوت:

لە ئاسمانان دەنگی شین و شەپۆڕ هاتوە .

ماکبێس: شەوێکی هەرە ناخۆش بو.

(مەکداف دەگەڕێتەوە)

مەکداف: نەزمان دەتوانێت ناوی تۆ بەسەر زماندا بێنێت، نە دڵ بۆی هەیە بەگومان لێی بڕوانێت ( هاوار دەکات) .

( زەنگ لێدەدەن خاتو ماکبێس دێتە ژورێ).

(ماکبێس و لێناکس دەگەڕێنەوە) .

( مەلکۆڵم و دانلبین دێنە ژورێ).

ماکبێس: وەرن با بەرگی شەڕ بکەینە بەر .

هەمویان: با وا بکەین.

(هەر هەمویان دەچنە دەرێ مەلکۆڵم و دانلبین نەبێ).

مەلکۆڵم: ئەم شانۆیە درۆیە من بەرەو ئینگلستان ڕادەکەم.

دانلبین: منیش بەرەو ئیرلەندا. (دەچنە دەرێ)

## (دیمەنی چوارەم)

(بەردەم کۆشکی ماکبێس ڕۆژێکی تاریك، ڕاس و پیرە پیاوێك دێنە ژورێ)

پیرە پیاو: ئەم سێشەممەیە شاهۆیەکی بەدەمار کونەپەپویەك ڕۆحەکەی کێشا.

ڕاس: ئەو ئەسپە جوان و تۆسنانەی شا ئاخوڕیان شکاندوە و دژی ڕەگەزی مرۆڤ ڕایان کردوە .

(مەکداف لە کۆشکەکە دەچێتە دەرێ)

ڕاس: گەورەم چی هەیە پێمان بێژە؟

مەکداف: (ئاماژە بەئاسمان ئەکات) ئەوانەی ماکبێس کوشتنی.. کوڕانی شاش مەلکۆلم و دانلبین هەڵهاتون.

ڕاس: دیسان دژی یاسای سروشت کەواتە تاج شایەنی ماکبێسە .

(دەچنە دەرێ

# پەردەی سێیەم

## (دیمەنی یەکەم)

(ژورێکی ناو کۆشکی فۆریس، بەنکۆ دێتە ژورێ)

بەنکۆ: تۆ پاشا و سپا سالاری کودۆر و گلامێز و دەترسم دزێو ترین کاری جیهانت کرد بێت بۆ ئەمە .. وەك جادوبازان گوتیان و منیشیان کردە باوکی پادشایانی دوای تۆ.. ئەوەی گوتیان وەك خۆر پریشکی لێدەبێتەوە .من دەچم بۆ شکار با تەمی ئەم خوێناوە برەوێتەوە.

(بەنکۆ دەچێتە دەر)

(دەنگی شەیپوڕ. ماکبێس و خاتو ماکبێس بە بەرگی شاهانەوە دێنە ژورێ لەگەڵ لێناکس و راس و گەورە پیاوان و دەست و پێوەند)

ماکبێس: مەزنترین میوانی ئێمە.

خاتو ماکبێس: بیرکردنی ئەو ئەم ئاهەنگەی تێکدەدا.

(هەمو دەچنە دەرێ .. ماکبێس وخزمەتکارێکی نەبێت ).

ماکبێس: بزانە ئەو کەسانەی چاوەڕوانم بون بیانهێنە .. (لەبەر خۆیەوە) ترسی بەنکۆ لە دڵماندا چەکەرەی کردوە .. ئەی چارەنوس هەستە سەر پێ و تا دوا پشو ئاوقام ببە .. ئەوە کێیە؟!

(دو پیاو دێنە ژورێ خزمەتکارەکە دەچێتە دەرێ )

ماکبێس: سەرچاوم هاتن ئەو دوانەی کە دوژمنی خۆم و خۆتان دەکوژن .. ئەویش بەنکۆیە.

پیاو کوژی یەکەم: دوا دڵۆپی خوێنمان هی خاوەن شکۆیە.

پیاو کوژی دووەم: دوا هەناسە .(دەچنە دەرێ)

## (ديمەنی دووەم)

(هەر ئەو شوێنە. ژوورێكی تر خاتو ماكبێس و خزمەتكارێك دێنە ژورێ)

خاتو ماكبێس : بلێی بەنكۆ چوبێتە دەر؟

خزمەتكار: بەلێ .

(خزمەتكارەكە دەچێتە دەر)

(خاتو باوەش بە سەگە خوريەكەدا دەكات .. )وەرە لە باوەشت بگرم وەرە با سيكس بكەين .. ماچی دەكات : دەی خۆت روت بكەرەوە . سەگەكە پالْ دەخات و دەست لە ناو گەلێ دەدات: چيە نێرەموكيت؟ ئای ئای پياو و سەگ و ئاژەلێ ئەم ولاتە هەموی خوداوەند بە نێرە موك خەلْقی كردون ؟

(لەو ديوەوە خزمەتكارەكە بە چێشتلێنەرەكە دەگات باوەشی پيا دەكات).

چێشـــتلێنەر: وەرە بـــا ماچـــت بکـــەم، وەرە حـــەزم لـــە سێکســـە..
پانتۆڵەکەی دادەکەنێت و دەســـت لـــە نـــاو گـــەڵی دەدات سەرســـام دەبێت.

خزمەتکارەکە: هیچم نیە هیچ نە بۆ ژنایەتی دەشێم نە پیاوەتی .

(لە یەکتری جیا دەبنەوە)

(دیمەنی ناوەوە خاتو ماکبێس سەگە خوریەکە فڕێ دەدات)

خاتو ماکبێس: بەنکۆ تۆ بتوانیت ئاواتی ئێمە بشێوێنیت؟.

(ماکبێس دێتە ژور)

ماکبێس: ئەی هاوسەری شیرینم ئاواتمان گەیشتۆتە لوتکە.

(باوەش بە یەکا دەکەن (سیکس).

## (دیمەنی سێیەم)

(دەمەو خۆرئاوا .. شەقامێك بەناو جەنگەڵدا تێدەپەڕێت بەرەو کۆشك .. سێ پیاوکوژەکە وەستاون لە سەر رێگە )

پیاوکوژی سێیەم: گوێتان لە سمکۆڵانی ئەسپە؟

بەنکۆ: (لەدورەوە) چرایەك بهێنن.

(بەنکۆ و فلیانس بە مەشخەڵەوە دێنە ژورێ و پیاو کوژەکان دەرژێنە سەر بەنکۆ)

بەنکۆ: هەی خیانەت فلیانس راکە با تۆ نەکوژرێیت و هەقم بسەنیت.

(بەنکۆ دەمرێت فلیانس را دەکات).

## (دیمەنی چوارەم)

(هۆڵێکی نێو کۆشك .)

(ئاهەنگی میوانی. ماکبێس وخاتو ماکبێس و ڕاس و لێناکس و گەورە پیاوان و دەست و پێوەند دێنە ژورێ).

ماکبێس: هەمو بەجێی خۆ دەزانن، ئێستا تکایە دانیشن .لە دڵەوە بە خێرهاتننتان دەکەم.

گەورە پیاوان: سوپاس خاوەن شکۆ .

(سێ پیاو کوژەکە دێنە بەر دەرگا .. پیاو کوژی یەکەم دێتە ژورێ .. ماکبێس بەرەو رویان دێت لە هۆڵێکی تری نێو کۆشك).

پیاوکوژی یەکەم: (بە چرپەوە) گەورەم ئەم خوێنە هی بەنکۆیە بەڵام فلیانس رای کرد.

(ماکبێس سەری سوڕ دەمێنێت .. وەڵام ناداتەوە )

(ئاهەنگی میوانی بەردەوامە. ماکبێس و خاتو ماکبێس و ڕاس و لێناکس و گەورە پیاوان و دەست و پێوەند کەوتونەتە سەر بەزم)

ماکبێس: گەورەکانم ئەم شەو بە ئێوەوە خۆشحاڵم .. هەمو بەجێی خۆتان دەزانن؟کەیف بکەن .

خاتو ماکبێس : ئەی گەورەی خودان پێکی سەرخۆشی ناگێڕن ؟

لێناکس : خاوەن شکۆ فەرمو لە لامان دانیشن .

ماکبێس: بێ بەنکۆی خۆشەویست کۆڕەکەمان چۆڵە .

ڕاس : گەورەم دیارە ئامادە بونی بەنکۆ بەڵێنە سەربەرزیمان پێدەبەخشێ

ماکبێس (لەبەر خۆیەوە) دیارە ئەو وەکو ئیبلیس وایە.

(تاپۆیەکی ئەفسانەیی دێتە جێگاکەی بەنکۆ لەپڕ دەڕەوێتەوە)

دیارە جۆگا بە خوێنی بێتاوان هەڵبەستراوە مردوان لە گۆڕ ڕاست دەبنەوە (تاپۆکە دەگەڕێتەوە) با بخۆینەوە بە خۆشی.. جەنگاوەر لە من بەهێزتر بەدی ناکرێ بەوری هێرکانیام. (تاپۆکە دەڕەوێتەوە)

(گەورە پیاوان و دەست و پێوەند دەچنە دەرێ )

ماکبێس: خوێنی دەوێ، دەڵێن هەر خوێن خوێنی دەوێ، لەوەتەی مەکداف خۆی پاراستوە کوڕەکەمان نهێنیەکی تری هەڵگرتوە.

خاتو ماکبێس: ئەوەی ئێستا هەوێنی گیانمانە رابواردن و تۆزێك خەوە.

ماکبێس: وەرە با بچین بخەوین(دەستی دەگرێت .. سیکس

(دەچنە دەرێ)

## (دیمەنی پێنجەم)

(رێگەی لە شار دەرچون بەرەو گوند .. سوپایەك سوار و پیادە و پیاو کوژان جێ پێی راکردوان هەڵدەگرن.

پیاوکوژی یەکەم: ئەم رێگەیە بەرەو ئینگلستان دەچێت.. لێرەوە هەڵاتون وەرن با بیانگرین سەریان بەرینەوە بۆ شا.

پیاوکوژی سێیەم: ئەم جێگە پێیە هی مەکدافە .. سەیری بکە چەندە گەورەیە ..

(دوای جێ پێکە دەکەون .. پاسەوانێکی شایە لە پێشیانەوە دەڕوات تا دەچێتە ناو گوندێك لە گەوڕێکا مریشك و کەڵە شێر هەڵدەفڕن بەسەریا .. خۆی دەشارێتەوە.. پیاو کوژەکان دوای دەکەون بۆ ناوەوە)

پیاوکوژی یەکەم: وەرە دەرەوە وەرە پیاوی نامەرد.

(پیاوکوژی دووەم و سێەم بە دوایدا دەڕۆن .. پاسەوان خەنجەرەکەی لە دڵی پیاوکوژی دووەم دەدات پیاوکوژی سێیەم دەیکوژێتەوە)

## دیمەنی سفر

(کۆشکێکی فراوان.. لە دوو بەش پێکهاتوە بەشێکی شێتخانەو ئەوی تر جێگەی گول و دەردەدار . شێتەکان هەمو هو هو دەکەن )

هۆ هۆ شاهۆ و بایەقوش جەنگیانە.

(دەردەداران کێم فڕێ دەدەن .. برین هەڵدەکەنن) ئاو بیێ بە خوێن .. دەریایەك کێماو

(خاتو ماکبێس و راس و لیناکس و سێیتن.. دێنە بەردەم کۆشك لە ناو شاریشەوە هەرچی شێت و گول هەیە بۆی دەهێنرێت .. دەروازە دادەخەن چوار دەوریان بە پاسەوان گیراوە)

خاتو ماکبێس: نابێت لەم شارەدا گەڕ و گول و شێت بمێنێت .. دەبێت پاك بکرێتەوەو بکرێت بە شارێکی نمونەیی.

( هەمویان بەدەست بەسراوەیی دەهێنن و بەدوای یەکدا فڕیان دەدەنە ناو ئاگرەوە ).

## (دیمەنی شەشەم)

دڕکەلاَن . گرمەی هەورە تریشقە دێت، سێ خوشکە جادو بازەکە بۆ دیداری هێکات (خێوی هەرمان )

جادو بازی یەکەم : ئەرێ ئەوە چییە هیکات پێدەچێت تورە و تۆسن بیت

هیکات : بەبێ من چی نهێنی مەرگە بۆ ماکبێس دەدرکێنێت.

بە سەودایەکی وا سودێکی باشی لێوە دەست دێنێ

ئەدی کوانێ بەشی خێوی خوادایان خێوی هەرمانت ؟

لە کن جۆی گۆزەخستان و بەیان ئەو کاتە خۆر هەڵدێ

لە بۆ دیداری من ماکبێس هەمدیسان هەر بەلەز هەڵدێ .

(دەنگی سترانێك لە ناوەوە : هەڵزنە، هەڵزنە، .. .. )

تەماشا ! واپەریلانم لەسەر ئەو هەورە وەستاوە

**بە سترانی دەبێژێ زۆر لە مێژە چاوەڕێم ماوە**

**(دەچنە دەرێ)**

**جادوبازی یەکەم : دەبا زو بگەین، دەبازو بگەین، هێندەی پێناچێ دێتەوە .**

**(دەچنە دەرێ)**

## (دیمەنی حەوتەم)

(شوێنێکی ئیسکاتلەند) (لێناکس و گەورە پیاوێك دێنە ژورێ)

لێناکس : ماکبێس بۆ دانکەنی بەڕێز شین دەگێڕێ، خۆی گیانی سپاردوە، هەروەها بەنکۆش، ماکبێس لە سویێی هەردوکیان مەرگی گێرا، مەکدافیش لە ترسی ئەو رایکرد،

گەورە پیاو: کوڕی دانکەن لە ئینگلیزەو ئێدواردی خودا ناس بەرەو پیری چوە، مەکدافیش چۆتە ئەوێ تا سیواردی جەنگاوەر بۆ یارمەتی لەگەڵیان بێت، چیتر چەقۆی خوێناوی لەسەر سفرەمان نەمێنێت.

لێناکس: سەد خۆزگە ئینگلیز باڵ بگرێت تا ئەم نیشتمانە لە ئەهریمەن ئاسودە بکات.

(دەچنە دەرێ).

## دیمەنی سفر

(دو نێرەموك یەکدەگرن لە ژورێکی کۆشکا)

نێرەموکی یەکەم: حەزم لەوەیە لە باوەشت بگرم .. وەرە با لەبری رم و تیر شەهوەت بەیەکا برێژین.

(پانتۆڵەکەی دادەکەنێت نیرەموکی دووەمیش هەروەها لە یەك دەڕوانن)

نێرەموکی دووەم: هەردوکمان هەر نێرەموکین .. تۆ ژنیت یان کچ ؟پیاویت یان ئاژەڵ.؟

(لەخۆیان ورد دەبنەوە بەسەر یەکا دەتلێنەوە .. لێك جیا دەبنەوە)

(ماکبێس و ليناکس و ئانگوس دێنە ژورەوە)

ماکبێس: ئەی نێرەموکینە ئەوە چی دەکەن ؟ هەردوکتان درەختی بێبەرن.

(رودەکاتە لیناکس)

هەرچی نێرەموك هەیە بیانگرن .. بیانخەنە ئاگرەوە ئەم ولاتە هەموی بوّتە نێرەموك.

(لیناکس دەلەرزێت)

ماکبێس: توّش نێرەموکیت.؟

لیناکس: گەورەم خوّت دەزانیت (هێکات) تفی کردوّتە دەمی دایە گەورەمان هەتا هەمو نەوەمان بە نێرەموکی لە دایك ببێت.

ماکبێس : کەواتە سەگ بەربدەنە ژنان.

لێناکس: ئەو سەگانەی کوّشك ژمارەیان زوّرە

ماکبێس: پێویستە ئەم رەگی شەهوەتە لەوانەوە وەربگرین .

(دەچنە دەریّ)

## (دیمەنی هەشتەم)

(شەو.. دیمەنی ناو شار .. لێناکس لەگەڵ ئانگوس سێیتن: بە پاسەوانەوە دێنە دەرەوە. سەرپەرشتی ئەو پاسەوانانە دەکەن، سەگ دەخەنە ناو ماڵانەوە بەریان دەدەنە ژنانی ناو شار )

(پاسەوانی یەکەم لە دەرگای ماڵێك دەدات ژنێك دەیکاتەوە)

پاسەوانی یەکەم: مێردەکەت نێرەموکە .. وانیە ؟ ها سەگێك بەرە ژورەوە با منالْت ببێت.

ژن: نا .. نا .. مێردی من نازانم ؟

(پاسەوانی دووەم لە دەرگای ماڵێکی تر دەدات پیاوێك دێتە دەر)

پاسەوانی دووەم : ها تۆش نێرەموکیت بگرە سەگێك ببە با ژنەکەت منداڵی نا نێرەموکی ببێت؟

(پیاوەکە دەحەپەسێت .. پاسەوان دەست لە ناو گەڵی دەدات)

پاسەوانی دووەم: کوا هیچت نیە تەنیا بامێیەکی سیست هەیە بیبڕەرەوە با نەوەی نێرەموکی لێنەکەوێتەوە..

سێیتن: پاشا فەرمانی داوە ئیتر نابێت نەوەی نیرەموك بکەوێتەوە.

(دەنگی سەگوەڕ ناو شار پڕ دەکات).

# پەردەی چوارەم

## (دیمەنی یەکەم)

(ئەشکەوتێکی تاریك. مەنجەڵێکی پڕ لە ئاوی کوڵاتو لە نێوە راستی ئەشکەوتەکەدایە)

(گرمەی هەورە ترشقە .سێ خوشکە جادو بازەکە دێنە ژورێ)

جادوبازی یەکەم: وا پشیلەی خوللێرکاوی سێ جاران ناڵە ناڵی کرد.

جادوبازی دووەم: ژیشکیش سێ جاران و جارێك.

جادوبازی سێەم: دێوەزمە دەنەڕێنێت .. دەسا وەختیەتی .. وەختی.

جادوبازی یەکەم: لە دەوری ئەم مەنجەڵە کۆببنەوە زو

هەتا ژەهری لە بۆ تێکەین بە جادو

ئەریٚ ئەی بوٚق کەوا مانگیٚکە خەوتویت

وەرە خویٚنت ژەهریٚکە کوشندە

بیخەرە ناو مەنجەڵی ئەفسونی بەندە

هەمویان پیٚکەوە:

دەبا دو هیٚندە بیٚت دەردی نەیار و ژانی بیٚژو

دەبا گڕ بگریٚت ئاگر، بیٚتە کوڵ ئەم مەنجەڵە زو

(مەنجەڵەکە لیٚکدەدەن)

جادو بازی دووەم:

زمانی مار و هیٚلکەی پیسی سیسارك

لەتیٚکی لاقی قاژو قامکی قڕبوٚق

لە سینگی میٚرولەو باڵی چکچەك

چنگی کەمتیار و زمانی سەگ

هەمویان پیٚکەوە:

دەبا گڕ بگریٚت ئاگر بیٚتە کوڵ ئەم مەنجەڵە زو

جادوبازی سیٚەم:

زمانی ئەژدیهاو ددانی گورگان

پارچەیەك گەروی کوسەیی خوێن ڕێژ

لەگەڵ ریشەی شەوکەر و جەرگی جوی کافر

کەمێ زراوی بزن و زمانی سەگ

سەرپەنجەی زارۆکە زوڵ و ریخۆڵەی بەور

هەمویان پێکەوە:

دەبا گڕ بگرێت ئاگر بێتە کوڵ مەنجەڵی ئێمە زو

(مەنجەڵەکە لێك دەدەن)

جادو بازی دووەم: هەتا سارد بێتەوە مەعجونی ئێمە، دەشێ تێکەڵ

بە خوێنی عەنتەری کەی شیلەیی ئەفسونی ئێمە.

(هێکات و سێ جادو بازی تر دێنە ژورێ)

هێکات:

هەزاران جار بژی بۆ ئێوە گیانە

وەکو جن و پەری کۆکا ببەستن

گەڕی شایی ببەستن لێرەکانە

(ساز و سترانی (رۆحە رەشەکان) هێکات و سێ جادو بازەکـەی تـر دەچنە دەرێ)

جادوبازی دووەم: بەژان و ئێشی ئەنگوستم دەزانم دێ بەرەو ئێرە ئەوەی رۆحی رەشە و گیانی بە زوخاوی ژەهر تێرە

(لە دەرگا دەدرێت .. ماکبێس دێتە ژورێ)

ماکبێس: سوێندتان دەدەم بەو ئەرکەی لـە ئەسـتۆتاندایە وەڵامـم بدەنەوە .. گریمان هەرچی بایە بیهێنن بۆ جەنگی کلێسـاکان، یـان پێلـی دەریاکـان بەیەکـدادەن، یـان هەرچـی درەختـە لـە ڕیشـە هەڵیکێشن و کوشك و تـەلاریش بـڕمێنن و گەنجینـەی تەبیعـەت ئاوەژۆ بکەنەوە باکم نیە؟

جادوبازی یەکەم : خوێنی مالۆسێك بڕێژە، نۆ تۆڵەی خۆی خواردوە و لەگەڵ ماجومی داری سێدارەی پیاوکوژان تێکەڵی بکە و بیخەرە ناو ئاگرەوە .

هەمویان پێکەوە: لە بەرزاییت لە نزماییت وەرە شارەزاییت بنوێنە.

(گرمەی هەورە تریشقە. یەکەمین تاپۆ. کەللە سەرێك کلاّوی شەڕی لەسەردایە)

جادوبازی یەکەم: ئەی ماکبێس گوێ بگرە و چیتر زمان مەجولێّنە.

تاپۆی یەکەم: ماکبێس .. ماکبێس بترسە لە مەکداف و سپاسالاری فایف.

(بەزەویدا رۆدەچێت)

(گرمەی هەورە تریشقە. جادوبازان یاری بەرۆحی ماکبێس دەکەن، بۆ یەکتری هەڵدەدەن، دووەم تاپۆ دێتەوە . منالێکی سەرو گوێلاك خوێناوی)

تاپۆی دووەم: مرۆڤ کوژ ونەترس و ورە بەرزبە .. کەس بۆی نیە سەر پەنجەت بریندار بکات.

(بەزەویدا رۆدەچێت) (گرمەی هەورە تریشقە، سێەم تاپۆ. مندالێك، تاجێکی لەسەر ناوە و لقە دارێکی بە دەستەوەیە).

تاپۆی سێەم: ماکبێس ئەو پیاوەیە شکستی ناهێنێت. مەگەر ئەو رۆژەی جەنگەڵی بێرنام لەگردی دانسینەوە روەو ئەو بەلەز بکات.

(بەزەویدا ڕۆدەچێت)

(دەنگی کەڕەنا مەنجەڵ دەچێتە خوارێ)

هەمویان پێکەوە : نیشانی دەن کزە لە جەرگی هەستێنن.

(شانۆی هەشت پاشا دواین کەسیان ئاوێنەیەکی بەدەستەوەیە و بەنکۆ لە دوایانەوەیە. هەمویان یەکی گۆیەکی دو بەرو گۆچانێکی سێ گرِیان بەدەستەوەیە.

جادوبازی یەکەم:

وەرن خوشکانی جادوبازی دەم تەڕ

بلا شایی بگێڕن بێنە دیلان

(مۆسیقا.. جادوبازەکان سەما دەکەن و لە چاو ون دەبن)

(لێناکس دێتە ژورێ)

ماکبێس: بەلا بسوتێ ئەو بایەی خوشکانی جادوبازی هەڵگرت.

(ماکبێس بەدەنگێکی بەرز) دەبێت هێرش بکەمە سەر قەڵای مەکداف.

(دەچنە دەرێ).

## دیمەنی سفر

(دیمەنی ناو کۆشك .. ماکبێس ئاوێنەیەکی بە دەستەوەیە وخەیاڵ دەکاتەوە .. خوشکانی جادوبازی لە دەورە .. گێژەڵۆکەیەکی گەردونی .. لێکدانی ئەستێرە، ماکبێس لە کۆشکێکی نوێ دا لە سەر تەخت دانیشتوە ئاوێنەیەکی بە دەستەوەیە خەیاڵ دەکاتەوە .. سێ جادوبازەکە دێنە ناو نیگای.

ماکبێس : وەرن خوشکانی جادوباز، زەریای ژەهرێکم بۆ بگرنەوە بۆ گرتنی جیهان بیبارێنم .. ژەهرێك جیهان خاپور بکات.

(پەڵەی هەوری نەبین دەبینێت بە تاڵە دەزو دەیبارێنێت، لەبیرێکی قوڵدا مۆمیا دەبێت، جەستەی دەتوێتەوە).

رۆحی ماکبێس: ئەم زەمەنە جیاوازە، مرۆڤەکان و شارو جوگرافیاو سەربازان و پیاوانی جەنگ و چەکەکانی شەڕ، منیش ماکبێس نیم، کەسێکی ترەو رۆحی منی تیایە.

ماکبێس: کەی بتوانم هەمو زەوی بگرم ؟چین و ماچین .. ئای ئای .. (ئاوێنەکەی لە دەست دەکەوێتە خوارەوە) .

## (دیمەنی دووەم)

(فایف ژورێکی نێو قەڵای مەکداف)

(خاتو مەکداف کوڕەکەی و راس دێنە ژوری)

خاتو مەکداف: تاوانی چی بو تا لە نیشتمانی خۆی هەڵبێت؟

راس: ئامۆزای خۆشەویستم دان بە خۆتا بگرە مێردەکەت زۆر لێهاتوە .. من دەبێت بڕۆم تکایە خۆڕاگر بە.

(دەچێتە دەرێ)

خاتو مەکداف: کوڕی باوك مردو دەتەوێت چۆن بژیت.؟

کوڕ: ئەی تۆ لەگەڵ بێوەژنیدا چۆن هەڵدەکەیت؟.

(نامەبەرێك دێتە ژورێ)

نامەبەر: چیتر لێرە مەمێننەوە و بڕۆن .. مەترسی بەڕێوەیە بۆتان.

(دەڕواتە دەرێ).

خاتو مەکداف: من زۆر جار زوڵم بەپەسند دەزانم لەم جیهانە بۆگەنەدا.

(پیاو کوژەکان دێنە ژورێ)

پیاو کوژ: کوا مێردەکەت؟

خاتو مەکداف: لەجێگەیەك نیە، بابایەکی وەك تۆ پیس دەستی بیگاتێ.

(خەنجەر هەڵدەکێشێت کوڕەکەی دەکوژێت. خاتو مەکداف هاوار دەکات و دەچێتە دەرێ پیاو کوژان دوای دەکەون و دەیکوژن).

## (دیمەنی سێیەم)

(ئینگلستان ژورێکی نێو کۆشکی پاشا .. مەلکۆلم و مەکداف دێنە ژورێ)

مەلکۆلم: من پێم باش بو منداڵت بە جێ نەهێڵیت بێ ماڵ ئاوایی و پشتیوان.

مەکداف: وڵاتی ئێمە خوێن دەدەڵێنێت .. بەڵام ئەگەر پارەی هەمو رۆژهەڵاتم بخنە بن دەست نابمە ئەو کەسەی تۆ چاوەڕوانی دەکەیت .

مەلکۆلم: تکایە دڵتان نەیەشێت .. ؟ ئەم وڵاتە پێ لە زنجیر و کۆتە و فرمێسك هەڵدەوەرێنێت.

مەکداف: لە نێو خێڵی دێو و جنۆکەشدا ماکبێسێکی جانەوەر پەیدا نابێت.

مەلکۆلم: گریمان ماکبێس خوێنخۆرە، بەڵام هەوڵی مێینە خوازی من کۆتایی نایەت. هەرچی ئافرەت هەیە دێوی شەهوەتم

دانامرکێنێتەوە، کەواتە تاج هەر شایانی ماکبێسە. جگە لەوەش ئەگەر ببمە پاشا تەماحم بە زەوی و ئاسمان پڕ نابێتەوە.

(پزیشکێك دێتە ژورێ )

مەلکۆلم: پاشا دێت بۆ ئێرە؟

پزیشك: نەخۆشێکی لەبن دەستە چاکی دەکاتەوە بە ئافاتی خۆی و دێت.

مەکداف: مەبەستی چیە؟

مەلکۆلم: یەکێکە لە موجیزاتی پاشا ئەو نەخۆشانە چاك دەکاتەوە، بەکەس چاك نابنەوە.

(راس دێتە ژورێ)

مەکداف: ئامۆزای خۆشەویستم بەخێر هاتیت .. ئیسکاتلەند لە شوێنی خۆی ماوە؟

راس: تازە ناتوانین بەو نیشتمانە بڵێین دایك کە گۆڕستانمانە. ناکرێت باسی کۆستەکانی بکەین.

مەکداف: منداڵەکانم چۆنن.

راس: تا ئەو کاتەی بەجێم هێشتن باش بـون. لێـرە ئـەو هەوالانـەم بیست زۆر لە پیاوانی بـەرز رویـان کردۆتـە بـەر هەلگیرسـاندنی شۆڕش. کاتی بە هانا هاتنیانە.

مەلکۆلم: مـژدەیان بـدەرێ شـا سـیواردی دە هـەزار جـەنگاوەرەوە خستۆتە بن دەستمان بۆ هێرش.

مەکداف: خوای گەورە رێم بۆ کورت بکەرەوە ئەگەر مـاکبێس لـە چنگم رزگاری بو تۆش لێی ببورە.

مەلکۆلم: ئێستا ماکبێس مێوەی گەیوە. هەستە بـا بچـین بـۆ لای پاشا سپا هەموی ئامادەیە با بکەوینە رێ. (دەچنە دەرێ)

# پەردەی پێنجەم

## (دیمەنی یەکەم)

**(دانسیێنین، ژورێکی نیێو کۆشك)**

**پزیشك: منیش دو شەوە وەك تۆ نەخەوتوم بە دیار خاتو ماکبێسەوە.**

**هاودەنگ: لەوەتەی خاوەن شکۆ چوە بۆ مەیدانی شەڕ باری دەرونی تێکچوە و لە جێگاکەی دێتە دەر و چارۆکە بە شاندا دەدا و مجرییەکی هەیە دەرگای دەکاتەوە و لاپەڕەیەك دێنێتە دەر و هەروا شتێکی لە سەر دەنوسێت و دەیخوێنێتەوە و دەینوشتێنێتەوە و مۆری دەکات و دەگەڕێتەوە جێگەی خۆی.**

پزیشك: ئاژاوەیەکی سەیرە لە سروشتی ئەو ژنەدا. نهێنیەکانی دەدرکێنێت.

(خاتو ماکبێس دێتە ژورێ مۆمێکی بە دەستەوەیە)

خاتو ماکبێس : ئەوەتا پەڵەیەکی تر(رودەکاتە پزیشکەکە) لە خۆت هەڵدە .. ئاخۆ کێ پێی وابو ئەو هەمو خوێنە لە دەماری پیرە پیاودا بگەڕێت. ئەم دەستانە دەبڕدرێنەوە ..

(پزیشك و هاودەنگ بە بێدەنگی سەیری دەکەن ئەویش دەکەوێتەوە قسە)

خاوەن شکۆ بیانبڕەوە .. ئەوە دیسان بۆنی خوێنە هەرچی عەتری عەرەبستان هەیە بیهێنن بۆنی ئەم دەستە بچوکە تەواو نابێت .

پزیشك: ئەم دەردە بەمن دەرمان ناکرێت.

خاتو ماکبێس: دەستت بشۆ.. بەنکۆ وا لە گۆڕدا نوستوە. بابچینەوە نێو جێگا.

(پزیشك و هاودەنگەکە دەچنە دەر، خاتو ماکبێس سەگە خوریەکە هەڵدەگرێت ) وەرە با سیکس بکەین چی ئەم خوێناوە پاك

دەکاتــەوە؟(پاڵی دەخــات بــە هــاوارەوە هەڵدەســتێت) : تــۆش نێرەموکیت ؟

(سێکسی لەگەڵ دا دەکات)

(دیمەنی ئەمدیوەوە پزیشك و هاودەنگ لە یەك دەڕوان.

پزیشك: وەرە با تۆزێك خەمی ئەم وڵاتە بۆگەنە بە با بدەین .. چـی دەبێت تامێکی خۆشەویستی بکەین؟

هاودەنگ: تۆ دەزانیت چیت؟ من زۆر سەیرت دەکەم نازانم ژنی یان پیاو .. ئێمە چی بکەین نەزانین چین؟ کێمان ببینە ژن و پیاو.

(پزیشك پانتۆڵەکەی دەکاتەوە ناو گەڵی هەڵدەگلۆفێت)

سەیرم بکە بزانە چیم؟ ژنم یان کچ؟ بەراست ژەهـری ئـەو خاتونـە گرتومی نازانم چیم .. ئای ئای.

( دەچنە دەر).

## (دیمەنی دووەم)

(ناوچەیەکی نیزیك دانسینین)

(مێنتێس و کەسنێس و ئانگوس و لێناکس و تاقمێك سەرباز بە دەهۆڵ و ئاڵاوە دێنە ژورێ.)

مێنتێس: دەڵێن سوپای ئینگلیز بە سەرکردایەتی مەلکۆلم مامی سیوارد و مەکداف نزیك بونەتەوە .

ئانگوس: لە نزیك جەنگەڵی بێرنامان.

کەسنێس: نازانین دانلبینیشیان لەگەڵە یانا؟

کەسنێس: لەگەڵ براکەی نەهاتوە .. ئەو زاڵمەش پەرژینێکی وای لە دەوری قەڵای دانسینیا هەڵبەستوە نارِوخێت.

لێناکس: یا ئەوەیە گوڵی پاشایەتی لێی پاراو ببێت و بژار لە خۆیدا نوقم بکات .. بۆ پێشەوە بێرنام.

(بەمەشقی سەربازی دەچنە دەرێ)

## (دیمەنێکی شاراوە)

(ژورێکی ناو کۆشك خاتو ماکبێس خـۆی روت کردۆتـەوە .. پـەڕە کاغەزی نهێنی و نەخشە لەت و پەت دەکات و دۆشـەك و سـەرین هەڵدەوەشێنێت .. مۆمەکان دادەگیرسـێنێت و دەیانکوژێنێتـەوە .. خزمــەتکارێکی کــچ بــە دیاریــەوە وەســتاوە قــژی دەڕنێتــەوە .. خزمەتکارەکە دەردەکات .. بتڵێك خوێن دەکات بە خۆیداو دەچـێتە ناو گەرماوەکە و سیکس لەگەڵ خشتەکاندا دەکات .. دەبورێتەوە).

## ( دیمەنی سێیەم)

(دانسینین. ژوورێکی نێو کۆشك )

(ماکبێس لەگەڵ پزیشك و دەستو پێوەندەکەی دێتە ژورێ.)

ماکبێس: چیتر هەواڵ مەنێرنەوە . ئەم هەتیوە مەلکوڵم کێیە؟ ئەو ڕۆحانەی ئاگاداری دوا ڕۆژی مرۆڤن بەمنیان گوتوە: ئەوەی لەسکی دایکی کەوتبێت لەبەر ماکبێسدا بەچۆکدا دێت ؟

(خزمەتکارێك دێتە ژورێ)

خزمەتکار : گەورەم، دە هەزاران .. گەورەم،سەربازەکان .

ماکبێس: دەم و چاوت خوێناوی بکە تا بەسورایی خوێنی خۆت سپێتیتی ترست بشارێتەوە.

خزمەتکار: گەورەم سپای ئینگلستان .

ماکبێس: شەقێك لە خۆت هەڵدە.

(خزمەتکارەکە دەچێتە دەرێ. سێیتن دێتە ژورێ).

ماکبێس: دەنگ و باسی تازە چییە؟

سێیتن : هەواڵەکان ڕاست و دروستن.

ماکبێس: تا دوا دڵۆپی خوێن شەڕ دەکەم . ئەوەی بترسێت لە سێدارەی دەدەم، بەرگی زرێم بۆ ئامادە بکەن.

(سێیتن دەچێتە دەرێ )

پزیشك نەخۆشەکەت چۆنە؟

پزیشك: خەیاڵ و خولیا لەکۆڵی نابنەوە .

ماکبێس : دەرمانی ئەو دەردەی بکە .. بزانە ڕێواسێکیش پەیدا بکە بۆ ڕەوانی هەتا سپای ئینگلستان ڕابماڵێت. دوای خۆم سپای شاهانە بەڕێ بکە.. هەتا دارستانی بێرنام بەرەو دانسینینی ئێمە لە مەرگ سڵ ناکەین. (دەچنە دەرێ ).

## (دیمەنی چوارەم)

(گوندێکی نیزیك دانسینین. دارستانێك دەبینرێ.)

(مەلکۆلم،سیوارد و کوڕەکەی، مەکداف، مێنتێس،کەسنێس، ئانگوس، لێناکس، راس و سەرباز، بەمەشقی سەربازی و بەدەهۆڵ و ئالاوە دێنە ژورێ)

مەلکۆلم : بەرامبەر دارستانی بێرنامین هەر سەربازە لقێك دار لێبکاتەوە با دوژمن بەهەڵەدا بچێت.

(بەدەم مەشقی سەربازییەوە دەچنە دەرێ و مەلکۆلم خەیاڵدەکاتەوە .. دڕندانە پەلی کچێك دەگرێت پاڵی دەخات، مێشکی بە سەکۆی چادرەکەدا دەدات )

مەلکولم: تۆش نێرە موکیت ؟ من ئەم حەزە شەهوانیەم بە ژنی دنیا تێر ناکرێت.. من شۆڕشی چی بکەم دەریایەك شەهوەتم هەیە و هەزار ژنم دەوێت، چی لە پاشایەتی بکەم؟.

(قسە لەگەڵ هاودەنگێکی نەبیندا دەکات) ئیتر دەبمە پاشا چۆن ئەم زەریای شەهوەتەم وشك بکەم؟!

## (دیمەنی پێنجەم)

(دان سنین، نێو کۆشکەکە )

(ماکبێس، سێیتن و سەربازەکان بە دەهۆڵ و ئالاوە دێنە ژوریٚ)

ماکبێس : ئالاکان لەسەر دیوارەکانی دەرەوە هەڵواسن .. قەلای ئێمە دوژمن شکێنە.

(زەیقوری ژنان لە ئەندەرونەوە، سێیتن دەچێتە دەرەوە و دێتە ژورەوە)

سێیتن: شا ژن مردوە. گەورەم.

ماکبێس: رۆژێك هەر دەشیا مردبا. بکوژێرەوە ئەی مۆمی بچوك دە بکوژێرەوە.

(نامەبەرێك دێتە ژورێ)

نامەبەر: جەنگەڵی بیرنام بەرە و دانسنین کەوتۆتە رێ.

ماکبێس: بخرۆشێ ئەی با .. (خەیاڵ دەکاتەوە.. وێنەی کۆشکێکی سەربازی نوێ دەبینێت .. ناڵە و تەقینەوەی گەورە .. زەریا ژەهر و رەشەبای مەرگهێن .. جادوبازان دێنە بەر چاوی رادەچڵکێت)

بکەونە گەڕ بەدی و بەلاّ.. با بەرگی زرێوە بکەومە باوەشی مەرگ.

(دەچنە دەرێ).

(دیمەنی شەشەم)

(شوێنی پێشو مەیدانێکی بەردەم قەڵا)

(مەلکۆڵم و سیوارد و مەکداف و سپایان بە لق و پۆپی درەخت شاراوەتەوە بەتەپڵ و ئاڵاوە دێنە ژورێ)

مەلکۆڵم: دەمامکی لق و پۆپەکان لابەن .. مەردایەتی بنوێنن.

مەکداف: با کەڕەنا بێنە زمان . نەفەس بە رۆحی پێشەنگانی پڕ لە هات و هاواری خولیای مەرگ و خوێندا بکەن.

(دەچنە دەرێ. دەنگی کەڕەنا وڵات دادەگرێت).

# (دیمەنی حەوتەم)

شوێنی پێشو، سوچێکی تری مەیدانەکە . ماکبێس دێتە ژورێ)

ماکبێس: کێیە ئەو کەسەی لە زگی دایکی نەکەوتبێتەوە، هەر دەبێت لەو بترسم.

(سیواردی لاو دێتە ژورێ): ئەگەر ناوت بەتینتر بێت لە ئاگری دۆزەخ هەر دەتکوژم.

(پێکەوە شەڕ دەکەن، سیوارد دەکوژرێت)

مەکداف: لەکوێی زاڵم؟ من شیرەکەم لەروی تۆ دەسوم .. ئەم هەمو کەڕەنایە ناوی پیاوێکی مەزن بڵاو دەکاتەوە رێم بدە بیدۆزمەوە؟

(دەچێتە دەرێ. دەنگی شەیپوڕ)

( سیواردی پیر دێنە ژورێ )

سیوارد: خاوەن شکۆ . قەڵا هەر وا بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە داوە. پیاوی ئەو زاڵمە لە دو بەرەدا شەڕ دەکەن .

(دەچنە دەرێ. دەنگی شەیپور دێت).

## (دیمەنی هەشتەم)

(سوچێکی تری مەیدانی شەڕ.)

(ماکبێس دێتە ژورێ)

ماکبێس: گیانی کەسانێك لێرە هەن برینی شیرو خەنجەر شایانی شانی ئەوانە.

(مەکداف دەگەڕێتەوە ).

مەکداف : بگەڕێرەوە ئەی سەگی پاسەوانی دۆزەخ.

ماکبێس: رۆحی من لە ژێر باری خوێنی کەسوکارتا پشتی پێ راست نابێتەوە.

مەکداف: قسەی من لەدڵی شمشێرەکەمدایە :

(پێکەوە شەڕدەکەن )

(بەدەم شەڕ کردنەوە دەچنە دەرێ .. دەنگی شەیپورەکان. هەر بەدەم شەڕکردنەوە دەگەڕێنەوە. ماکبێس بە زەویدا دەکەوێت)

## (دیمەنی نۆیەم)

(نێو قەڵا، مەلکۆلم، سیواردی پیر، راس، سپاسالاران و سەربازەکان بە دەهوڵ و ئاڵاوە دێنە ژورێ)

مەلکۆلم: مەکداف ونە و کوڕی هیژاتان وەك تر.

راس: کوڕی ئێوە قەرزی مەردایەتی خۆی دایەوە مەیتیان لە مەیدانی شەڕ هەڵگرتەوە.

(مەکداف کەللەسەری ماکبێسی بەدەستەوەیە و دێتە ژورێ )

مەکداف: سڵاو ئەی پاشا.

هەمویان پێکەوە: سڵاو پاشای ئیسکاتلەندا.

(دەنگی شەیپوڕەکان)

(جادوبازان کۆدەبنەوە لە دەوری سەری ماکبێس فو دەکەن .. ئاگرێکی گەورە دەکرێتەوە.. گێژەڵوکەیەك دێت کەللە سەر ون

دەبێت .. لەشکر تەفر و تونا دەبێت .. ماکبێس دەژیەتەوە .. دەبێتە جەستەیەکی ئەفسانەیی .. دیمەنی ئێستا نیشاندەدرێت.

رۆحی ماکبێس: ئێستا زەمەنی سفرە، لەکەللە سەری منەوە مێژوویەك دەنوسرێتەوە. ونەو نەزانراوە، بەگڕکان و سەهۆڵبەندانەوە ئاوێتە دەبێتەوە.

فەزا رەنگی سپی دەپۆشێت، گێژەڵوکەیەکی نەبین دەیگرێتەوە، بوون دەسڕێتەوە، رۆحی ماکبێس بەدەستی کچە جادوبازەکانەوە یاری دەکات:

رۆحی ماکبێس: شارو مرۆڤ و هەموو پێویستییەکی جەنگی جیهانی سەدەکانی داهاتوم بۆ بهێنن، دەبێت جەنگێکی تر هەڵبگیرسێنمەوە، ئەم سوپایە تارو مار بکەم.

(جادوبازەکان رۆحی ماکبێس دەگوشن، کەللەسەرەکەی فڕی دەدەن، مالکوڵم دێتە پێش کەللەسەرەکە بگرێت، دەبێتە ماکبێس، کەللەسەرەکە ون دەبێت).

(جادووبازەکان دەستی بەتاڵ بۆ یەکتری هەڵدەدەن)

**جادوبازی یەك: رۆحی ماکبێس چی لێهات؟**

**جادووبازی دووەم: چی لێهات؟**

**جادوبازی سێیەم: چووە لەشی پاشای تازەوە.**

**جادوبازەکان: هەمو دەم و چاوێك بوە بە ماکبێس .. ون دەبێت ناناسرێتەوە.**

**جادوبازەکان سەربەسەری یەکا دەکەن، دەتوینەوە ون دەبن.**

## وێنەی سفری سەرەتا

خومخانەی زەمەن تێکەڵەیەکە لەرۆح و جەستەی نەبین، فەزا خوێناوی ئاوس بوون دادەنێت، رەنگی گۆڕاوە، تەقینەوەی گڕکانێك، روانین دەشێوێنێت، زەمەن بەتیژی وەك کرتەیەکی سینەمایی دێتە پێشەوە و دەچێتەوە دواوە.
منداڵێك پاسکیلێك لێدەخوڕێت، رەنگی ماکبێسی هەڵگرتووە .. هەوا وێنەی بڵاو دەکاتەوە .. گێژەڵوکەیەکی گەردونی .. لێکدانی دو ئەستێرە).

2021⁄9⁄17= 2008⁄12⁄15